دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٠١، دووشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢١ی ژوئەنی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com



## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ سەرکەوتنی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان

رۆژهەڵات هەروا پێشەنگی خەباتە

سەرەڕای پیلان و هەڕەشە بەردەوامەکانی ڕێژیم، کەمترین ژمارە لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان؛ وەک پەیامێکی «نا»ی بەهێزی دیکە بەو ڕێژیمە دژی گەلییە.

بەم بایکۆتە سەرتاسەرییە، ڕێژیم لاوازتر و خەباتی خەڵک بەهێزتر دەبێ. دەستان خۆش و خەباتی یەکگرتووانەتان بەردەوام بێ خۆشەویستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لێپرسراوی گشتی

مستەفا هیجری


٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی




دیمانەی تیشک ٤



شەهید «لوقمان مێهفەر»؛ سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی دێموکرات ٦



جەعبەی جادوویی لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# حەماسەیەکی تر، شانازییەکی تر



ڕۆژی هەینی ٢٨ی جۆزەردان بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شۆرای شاروگوند لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە چوو؛
لەم پرۆسەیەدا کە وەک دژبەرانی ڕێژیم پێی دەڵێن شانۆگەری،هەڵبەت نەک لەڕووی دژایەتییەکی هەستەکی بەڵکوو لەڕووی ئەزموونی سیاسی و ناسیاوی درووست لە جەوهەر و فەلسەفەی ڕێژیم، جارێکی تر گەلانی ئێران و لە سەرووی هەموویانەوە گەلی سەربەرزی کورد حەماسەیەکیان خوڵقاند کە لە مێژوودا وەک شانازییەکی سەرچاوەگرتوو لە ئیرادە و هزری سیاسی، تۆمار دەکرێت.
ئەگەرچی ئەوپەڕی فرتوفێڵاوی بوونی ڕێژیم دەرکەوتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێژیم دواجار پەنای بردە بەر ساختەکارییە ئاشکرابووەکان، ڕای گشتی بەباشی ئاگادارە کە چ حەماسەیەک لە ئێراندا خوڵقاوە و بەدڵنیاییەوە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ کەتمانی ئەو کەتوارە بکات کە لە ٢٨ی جۆزەرداندا کۆمەڵگای ئێران بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە بەرەی دژ بە دەسەڵات خۆیان نیشان دا!
ئەوەی دوور لە چاوەڕوانی نەبوو، هەوڵدانی ڕێژیم بۆ ساختەکاری لە پرۆسە ناشەفافەکە بوو؛ ئەمەش لەسەر ئەساسی ئەزموونێک کە کۆماری ئیسلامی لە ٤٢ ساڵی ڕابردوودا داویەتی بە دەستەوە.

بەپێی دوایین زانیاری و هەواڵەکانی پێوەندیدار بە پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنەکان لە کوردستان، لە زۆربەی شارەکاندا سەرباری زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی و پۆلیسی و هەوڵدانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ بەشداری پێکردنی زۆرەملێی خەڵک لەم شانۆگەرییە، خەڵک ئامادە نەبوون بەشداری لە پرۆسەی ڕەوایی بەخشین بە ستەمکارییەکان ببن. بۆ نموونە لە شاری ورمێ ئەگەرچی لە ڕۆژانی ڕابردوودا جاش و بەکرێگیراوەکان پڕوپاگەندای ئەوەیان دەکرد کە خەڵکی کورد لەم شارە دەبێ دەنگ بدەن تا کوردستانی بوونی ورمێ بسەلمێ بەڵام نەتەنیا ڕێژەی بەشداری خەڵکی کورد زۆر کەم بووە بەڵکوو تەنانەت ئازەرییەکانیش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەشدارییان کردووە.
ئاستی بەشداری خەڵک لە پارێزگای ورمێ و بەتایبەت لەو شار و ناوچانەی کە کورد و ئازەری پێکەوە دەژین و ڕێژیم کیسەی بۆ هەڵدووریبوو کە لە جیاوازییە ئیتنیکییەکان کەڵک وەربگرێ بۆ بەشداری پێکردنی خەڵک، دەبینین کە کەمترین ڕێژەی بەشداری تۆمار کراوە و وای کردووە کە کاناڵەکانی سەر بە ڕێژیم بکەونە پاڕانەوە لە خەڵک و هەوڵدان بۆ وروووژاندنی هەستی خەڵک لەمەڕ بەشداری.
ئەم حاڵەتە نەتەنیا لە ورمێ بەڵکوو لە تەواوی ئەو شارانەی کە دوو نەتەوەی کورد و تورک پێکەوە لێی دەژین بەرچاو و دیار بووە.
پاش دەرکەوتنی ساردوسڕیی شانۆگەری هەڵبژاردنەکان و بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمایەسییەکان، ڕێژیم وەخۆ کەوتەوە و وێڕای پاڕانەوە لە دەنگوڕەنگ و کاناڵە سێبەرەکانی، هەندێ ڕێکاری نوێی هێنایە گۆڕێ؛ ستادی بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم لە ڕاگەیەندراوێکیدا بڕیارێکی پێشووتری خۆی ڕەد کردەوە و داوای کرد ئەو کەسانەش کە ناسنامەکەیان وێنەی پێوە نییە هەر دەتوانن بەشداری بکەن؛ ئەمەش دوای ئەو بڕیارە دێتە ئاراوە کە ڕایانگەیاندبوو تەنیا کەسانێک دەتوانن بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بن کە خاوەن ناسنامەی وێنەدارن!
لەلایەکی تریشەوە کاتی بەشداری لە دەنگدانەکانیش لە چەند قۆناغدا زیاد کرا تاکوو بەشکەم بتوانن بەم شێوەیە خەڵکێکی زیاتر پەلکێشی شانۆگەرییەکەیان بکەن؛ هەر ئەمەش دەرەتانێکی دا بە هەلپەرەستان تاکوو کەڵکاوەژوو لە باری ماڵی و دارایی خەڵکی هەژار وەربگرن و بە کڕینی ناسنامە لە نێوان ١٥٠ تا ٥٠٠ هەزار تمەن هەول بدەن هەندێک دەنگ بۆ بەناو بەربژێرەکانیان کۆ بکەنەوە.
جیا لەمانە بەپێی دوایین زانیارییەکان، ڕێژیم وەخۆ کەوت و ئەو شوێنانەی کە بۆ دانانی سندووق و دەنگدان دیاری کرابوون کەمی کردنەوە یان لەلایەن بەناو بەربژێرەکانەوە بە تەلەفوون پێوەندی بە خەڵکەوە دەگیرا و وادەی دانی پارەیان پێدەدان لە ئەگەری بەشداری کردن، بەکرێگیراوان و بەرژەوەندیخوازانیان بە جلوبەرگی کوردییەوە هێنایە شوێنی دەنگدانەکان تاکوو هەستی نەتەوەیی خەڵک بجولێت، لە نێو ستادەکانیشدا بە سەدان بەڵگەی بەشدارییان ساختە کرد و لە سندوقی جادوویان هاویشت، لە ڕێگای هێندێک کەسی خۆفروش و بەکرێگیراوەوە هەڕەشەیان لە خەڵک دەکرد کە ئەگەر بەشدار نەبن دواجار بە زەرەریان دەشکێتەوە، هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم لە عێراقەوە بۆ نێو خاکی ئێران پەلکێش کران تاکوو بەناوی خەڵکانی ئێران بەشداری لەم شانۆگەرییەدا بکەن، هێندێک لە خەڵکی خۆفرۆشیان لە شوێنێکی دیاریکراو کۆ کردەوە و وێنە و فیلمیان لێهەڵگرتنەوە بۆ بڵاوکردنەوە تا وا پیشان بدەن کە سەر سندوقەکانی دەنگدان قەرەباڵغە و بەشداری زۆر کراوە و هەروەها لە دیمەنە بڵاوکراوەکانی دەنگوڕەنگی ڕێژیم هەوڵ دراوە لە تەسویر و وێنەی هەڵبژاردنەکانی پێشووتر و سەفی وەرگرتنی مادده خۆراکییەکانی وەک مریشک و ڕۆن کەڵک وەربگیرێ کە لە مانگەکانی ڕابردوودا گیرابوون؛
لە هەموو ئەمانە سەرنجڕاکێشتر دۆشداماوی ڕێژیم لە دانی ئاماری درووست بە ڕای گشتی بوو! بەچەشنێک کە لەحاڵێکدا کۆی بەشداربووانی پرۆسەکە وەک خۆیان دەڵێن ٢٨ میلیۆن و ٩٠٠ هەزار کەس بووە، کەچی کۆی دەنگی کاندیدەکان و دەنگی باتڵە دەکاتە، ٢٨ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار؛ واتە زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دەنگ کەمییان هەیە!
بەڵام سەرباری هەموو ئەم هەوڵە نەزۆکانە ئەوەی کە بینرا ئیرادەیەکی قایم بوو بۆ «نا»وتن بە تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی کە لە کوردستاندا زۆر زەقتر و بەرچاوتر بوو و بەمەش شانازییەکی تر و حەماسەیەکی تر خوڵقێندرا!
بەگشتی ئەم هەڵمەتە گشتگیرە توانی لە کوردستاندا ناسنامەیەکی کوردستانی ببەخشێ بە «نا» وتنی کوردستان بە هەڵبژاردنی داگیرکەر لە کوردستان. تاکوو ئەو مانایە ساز بکات کە کوردستان بە ناسنامەی خۆیەوە ڕەتی هەر جۆرە مکانیزمێک دەکات کە ڕێگا بۆ داگیرکاری لە کوردستان خۆش بکات و لەم نێوانەدا ڕووڕەشی تەنیا بۆ کەس و لایەنانە مایەوە کە دەهۆڵیان بۆ ڕێژیم هەڵدەگرت و زوڕنایان بۆ داگیرکاران لێ دەدا! بەڵام لە هەمان کاتیشدا پەیامێکی ڕوون و ئاشکرای پێ بوو بۆ خەباتکارانی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران کە دەبێ قۆناغێکی نوێ لە خەبات دەست پێ بکەنەوە چونکە ئەمە ویستی گەلە.

## پەیڤ

### قۆناخی هەرەسهێنان

کەریم پەرویزی

خامنەیی لە دۆخەکە تۆقیوە و بە پەلەپڕووزە خەریکی کۆکردنەوەی خۆی و ڕێژیمەکەیەتی. ترسێکی گەورە سەرتاپای خامنەیی گرتووە و بە دڵەڕاوکێیەکی توندەوە و بە سیمایەکی ڕەنگ پەڕیوەوە، دەڕوانێتە دەوروبەر و زەندەقی چووە لەوەی کە دوژمن! تا نێو بەیتی ڕێبەریش هاتبێ و لەم ساڵانەی دوایی تەمەنیدا میراتەکەی بەر با بدرێ و ڕێژیمەکەی ببێ بە تۆز.
لەولاشەوە گوشاری پۆتین و ڕووسیەشی لەسەرە و پێی وتووە دەبێ هەرچی مۆرەی بەستراوە بە بریتانیا و ڕۆژاوایە بیدۆزێتەوە و لە دەسەڵات دووریان بکاتەوە. هەر ڕۆژێك بنکەیەی ئەمنیەتی و نیزامیشی لێ دەتەقەندرێتەوە! خەڵکی ئێرانیش بە هەموو چین و توێژەوە لە ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨ی هەتاوی ڕژانە سەر شەقام و دژی خامنەیی دروشمیان دا.
کۆی ئەمانە خامنەیی تۆقاندووە و بڕیاری دابوو بە هەر شێوازێك بووە گوێ لەمستێکی بەتەواو مانا و جێی بڕوا بکا بە سەرکۆمار و کارەکانی پێ ڕاپەڕێنێ و ڕێژیمەکەی کۆبکاتەوە سەر یەك و ئیدی پێویستی بە داهۆڵەکانی بەناو ڕیفۆرمخوازی نەماوە.
لە ٢٨ی جۆزەرداندا خامنەیی بەتەواوی بەرامبەر بە نەتەوەکانی ئێران وەستایەوە و لەڕاستیدا ڕۆژی ٢٨ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو.
یەکەم وەرچەرخان بریتی بوو لەوەیکە گەر هەتا دوێنێ لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا، درز و کێشەیان دەکەوتە نێو خەڵکەوە یان دەکەوتە نێو باندەکانی دەسەڵاتەوە، ئەمجارە کێشەکە ڕوونتر و تایبەتمەندییەکەی بە جۆرێکی دیکە بوو.
گەر پێشتر کۆمەڵگا درزی تێدەکەوت و لەسەر بەشداریکردن و نەکردن و دەنگدان بەم لایەن یان ئەو لایەن جیاوازییان تێدا دەبوو؛ ئەمجارە تەواویەتی کۆمەڵگا بەرامبەر بە تەواویەتی ڕێژیم وەستایەوە و درزە گەورەکە لەنێوان حکوومەت و خەڵکدا بوو. لەم خاڵە مێژووییەدا ئەوانەی کە بانگەشەیان بۆ بەشداریکردن و دەنگدان بە ڕێژیم کردەوە بۆ هەمیشە لە مێژوودا سیمایان ڕەش بوو.
دووهەم وەرچەرخان، جێگۆڕکێی ڕێژیم و ئۆپۆزسیۆن بوو بۆ قسەکردن لەگەڵ خەڵك و هاندانیان!
ساڵانی پێشوو و لە دەورەکانی پێشتری بەناو هەڵبژاردندا، ئۆپۆزسیۆنی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیاندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی بەناو هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان

ڕۆژی ٢٨ی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کوردستان بە بایکۆتی بەرین و چالاکانەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شۆرای شار و گوندەکان، دژایەتی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییان کرد و بە هەموو جیهانیان سەلماند کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێشەنگی خەبات و بەربەرەکانییە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ هێنانی خەڵک بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، وشیاریی کۆمەڵانی باوەڕمەند بە مافەکانیان هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمی بێئاکام هێشتەوە.

بەپێی ئامارەکان و بەپێی ئەو ڤیدیۆ و وێنانەی کە لەلایەن ڕێکخستن و چالاکانی نێوخۆ، بە دەستمان گەیشتووە، ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە کوردستان لە ئاستێکی زۆر کەمدا بووە و تەنانەت لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە ئاستێکی چاوەڕواننەکراو کەم بووە.

ئەمە لەکاتێکدایە بەگشتی لە هەموو ئێران ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان زۆر کەم بووە.

خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کوردستانی ڕۆژهەڵات دیسان حەماسەیەکی دیکەتان خوڵقاند، وێڕای پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لە گەلی کورد و گەلانی ئێران و هەموو هۆگرانی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری جارێکی دیکە نیشانتان دا کە بە ئیرادەیەکی یەکگرتووانە پەیامی ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی و سیستمەکەیان بە ڕای گشتی گەیاند.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٩ی ژووئەنی ٢٠٢١ی زایینی**
**٢٩ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# دەورەی ٢٤٩ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات




پۆلێکی دیکە لە لاوانی خوێنگەرم و شۆڕشگێڕی کوردستان بە پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگانە و هەڵگرتنی چەکی بەرگری لە ماف و کەرامەتی نەتەوەکەیان، پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٦ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی، دەورەی ٢٤٩ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی بەشێک لە کادر، پێشمەرگە، بەرپرسانی سیاسی و نیزامی بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر بەشداربووانی دەورە بە ئەنجامدانی ڕژەی نیزامی و پیشاندانی ڕاهێنانەکانی خۆیان لەماوەی دەورەکەدا، ئامادەیی جەستەیی و نیزامیی خۆیان خستە ڕوو.

پاشان ‹‹ڕۆستەم جەهانگیری›› بەرپرسی دەزگای چاوەدێریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی بەنیسبەت دۆخی ئێران، کوردستان و ڕۆڵی پێشمەرگە لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا پێشکەشی بەشداربووان کرد.

دواتر پەخشانێک لەژێر ناوی ‹‹ڕاپەڕن›› لەلایەن بەشداربووی دەورە ‹‹کاوان بامی›› پێشکەشی بەشداربووان کرا.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە لەلایەن ‹‹سەروەر مەعرووفی›› مامۆستای فێرگەوە خوێندرایەوە.

پاشان لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداربووانی دەورە، سروودێکیان لەژێر ناوی ‹‹مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم›› پێشکەش کرد.

دواتر پەیامی دەورەی ٢٤٩ی سەرەتایی لەلایەن ‹‹شایان محەممەدی›› بەشداربووی دەورەوە پێشکەش کرا.

پاشان گۆرانییەک لەژێر ناوی ‹‹قەندیل›› لەلایەن بەشداربووی دەورەوە بە ناوی ‹‹مەتین›› پێشکەش کرا.

وەک نەریتی کۆتایی هەموو دەورەیەک کەسانی یەکەم تا سێهەم لە بواری تاقیکاریی سیاسی، نیزامی و پاراستنی نەزم و دیسیپلینەوە خەڵات کران.

لە بەشی سیاسی و نیزامیدا، ‹‹شایان محەممەدی››، ‹‹عیرفان پوورحەسەن›› و ‹‹کاوان بامی›› سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو و لەلایەن «قادر مێهفەر» کوڕی شەهید ‹‹لوقمان مێهفەر›› خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

لە بەشی نەزم و دیسیپلیندا ‹‹زاهیر گەرگوولی››، ‹‹محەممەد شەریعەتی›› و ‹‹ساسان ساڵحپوور›› سەرکەوتینان بەدەست هێنابوو و لەلایەن «سەروەر مەعروفی» مامۆستای فێرگەوە، خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

دواتر پەخشانێک لەژێر ناوی ‹‹خوراگری›› لەلایەن ‹‹ئێحسان ڕەستگار›› پێشکەشی بەشداربووان کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە گورانییەک کە لەلایەن دوو بەشداربووی دەورەوە بە ناوەکانی ‹‹ساسان و حیسام›› پێشکەش کرا، کۆتایی پێهات.

# پەیامی پیرۆزبایی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بۆ کۆنگرەی یەکیەتیی نووسەرانی کوردستانی سووریە

بەڕێز یەکیەتیی نووسەرانی کوردستانی سووریە

وێڕای سڵاوی گەرمی خەباتکارانە؛ بەبۆنەی بەڕێوەبردنی دووهەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەتانەوە، پیرۆزباییتان لێ دەکەین.

نووسین و نووسەری کارێکی پیرۆز و گرانقەدرە لە هەموو جیهان و بەتایبەتی لە کوردستاندا خاوەن پێگەیەکی تایبەتترە، چوونکە نەتەوەکەمان و خەباتی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی نیشتمانەکەماندا، تینووی زانیاری و ئاگاییبەخشین و تۆمارکردنی مێژوو و بزووتنەوەکەیە.

هەربۆیە لە بەشێکی خۆشەویستی کوردستان، وەکوو کوردستانی سووریەدا، ئەرکی یەکیەتیی نووسەرانی کورد، هەم قورسترە کە قەڵەمە وشیار و ئاگاکان بەدەوری یەک کۆبکاتەوەو هەم لەپێناوی گەشەکردنی ماف و ناسنامەی نەتەوەیی و بەهێزکردنی هەستی پتەوی نەتەوەبووندا کار و تێکۆشان بکا.

ئاگاییبەخشین، ڕێگای دروستی سەرکەوتنە.

دووبارە پیرۆزە کۆنگرەکەتان و بەهیوای سەرکەوتن هەم بۆ کۆنگرەکە و هەم بۆ ڕێکخراوی یەکیەتیی نووسەرانی کوردستانی سووریە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی**
**١٤ی جۆزەردانی ٢٧٢١ی کوردی**


# کۆمیتەی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان (بەحرکە) سەردانی دەستەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە جێژنیکانی کرد



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی کۆمیتەی «یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان» لە ناحیەی بەحرکە، بە سەرپەرستیی «کەماڵ بەحرکەیی» بەرپرسی کۆمیتە لە جێژنیکان سەردانی دەستەی بەڕێوەبەریی کاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.


ئەو کۆمیتەیە لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری و «کەریم پەرویزی» بەرپرسی دەستەی بەڕێوەبەری پێشوازییان لێ کرا. لەو چاوپێکەوتنە کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە کوردستان بە تایبەت باشوور و ڕۆژهەڵات لەلایەن «کەریم پەرویزی» و «کەماڵ بەحرکەیی» هاتە بەرباس و شرۆڤە کران. لەو دیدارەدا گرینیگییان بە پەیوەندییە دێرینەکانی یەکیەتی و حیزبی دێموکرات دا کە پێویستە ئەو پێوەندییانە لەپێناو یەکیەتیی زیاتری نێو ماڵی کورد و پارتە سیاسییەکانی کوردستان درێژەی هەبێت.

# چالاکیی تەبلیغی










لە چەندین شاری کوردستان بە بۆنەی تەحریمی بەناو هەلبژاردنەکان و هەروەها نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان چالاکی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چوو.

**بۆکان:**
ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٦ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی «ئاڵەشینی بۆکان» بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.
ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو چالاکییەدا، سەردانی مەزاری شەهیدانیان لە گۆڕستانی «ڕەحیم خان» کردووە و هەر لەوێوە پەیمانیان لەگەڵ شەهیدانی کوردستان بە تایبەت شەهیدانی نوێی گەلەکەمان، شەهیدان» سمکۆ مەحمەڵ، سۆهراب خەدیرپیوور، هادی شێخە و ئەیووب سوڵتانی» نوێ کردووەتەوە. ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکرات پەیمانیان نوێ کردووەتەوە کە هەتا وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدان درێژەدەری ئەو ڕێبازە دەبن.
هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە «بۆکان» لە شوێنەکانی شەقامی «کارگەر، ئابشار، تێرمیناڵی گەورە و ئاگرکوژێنەوە» بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان چالاکیی تەبلیغاتییان ئەنجام داوە.
لەلایەکی تریشەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە ‹›ساروقامیش›› و شارەدێی ‹›گامێشگۆلی›› لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، لە شاری شنۆ لە گوندەکانی ‹›سەوجە، پرداوێ، سەرگیز، دێشەمسی گەورە و دێشەمسی بچووک و باڵاگیر››، و لە شاری «ئاودانان»ـی ئیلام لە شەقامی «هەزاردەر» چالاکییان بەڕێوە بردبوو.
ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو چالاکییەدا یادی شەهیدانیان بەرز ڕاگرت و ئاڵای کوردستانیان هەڵ کردووە و تراکت و پوستێری تایبەت بە بایکۆتی هەڵبژرادنەکانیان بە شێوەیەکی بەرین بڵاو کردبووە.

**دزەی مەرگەوەڕ:**
هەر لەو پێوەندییەوە لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە «دزەی مەرگەوەڕ» سەربە پارێزگای ورمێ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردان بە بڵاوکردنەوەی پوستیر و تراکتی تایبەت هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمیان بایکۆت کردووە.

**ئاودانان:**
هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری «ئاودانان» سەربە پارێزگای ئیلام بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی تراکت لە شارۆچکەی «سەراوباغ» و گوندەکانی «گوڵ گوڵ، ژیوەر و ئاوهەنار» چالاکییان ئەنجام داوە.

**سەقز:**
لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی «سەر قەبران، شەقامی شاناز و گوندی مەڵقەرەنی» سەر بە شاری «سەقز» بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردووەتەوە.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی «تراکت و پۆستێری شەهیدانی نوێی کوردستان و دروشمی سەرکەوێ ڕاسان» پەیمانیان لەگەڵ شەهیدانی کوردستان بەتایبەت شەهیدان» سمکۆ مەحمەڵ، سۆهراب خەدیرپیوور، هادی شێخە و ئەیووب سوڵتانی» نوێ کردووەتەوە.
ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری «سەقز» داوایان لە خەڵک کردووە کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری نەکەن و وتوویانە: «دەنگدان بە ڕێژیم خیانەت بە خوێنی شەهیدانە.

**شنۆ:**
لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گەڕەکی «مام تەمر و سەلیم ئاباد»ی شاری «شنۆ» بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی دروشمی تایبەت بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم وەک «دەنگدان بە ڕێژیم، خیانەت بە خوێنی شەهیدانە و سەرکەوێ ڕاسان»، لەگەڵ شەهیدانی کوردستان بەتایبەت شەهیدان «سمکۆ مەحمەڵ، سۆهراب خەدیرپیوور، هادی شێخە و ئەیووب سوڵتانی» پەیمانیان نوێ کردەوە.
ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە «شنۆ» داوایان لە خەڵک کردووە کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری نەکەن.
لە چالاکییەکی دیکەشدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدانی ئەم دواییانەی گەلەکەمان وپوستێر و تراکت و دروشمی تایبەت بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی پوستێر و تراکت و دروشمی تایبەت بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم وەک: ‹›دەنگدان بە ڕێژیم خیانەت بە خوێنی شەهیدانە، دەنگ نادەم بە بەردەوامیی ستەم، دەنگدان ڕەواییدانە بە بەردەوامیی ستەم، بەشداری لە شانۆگەریی هەڵبژاردن ڕەواییدانە بە جینایەت›› ئەو چالاکییەیان بەڕێوە برد و داوایان لە خەڵک کردووە کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری نەکەن.
هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییەدا بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان بەتایبەت شەهیدان «سمکۆ مەحمەڵ، سۆهراب خەدیرپیوور، هادی شێخە و ئەیووب سوڵتانی» یادی شەهیدانیان بەرز ڕاگرت و پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.
ئەو شوێنانەی کە لە شنۆ چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: ‹›ئەمیرئاباد، شێخ عەبدول عزیز، سەیدئاوێ، قەبری شەهیدان، مام تەمر، شەهرەک، ئێرانخۆدرۆ، سەعید ئەمینی، حەنەفیان، چوار ڕا، پردی بازاڕ و گوندی تاچیناوێ.

**مەهاباد:**
لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شارەکانی «بۆکان و گوێکتەپە و گوندی لەج» و ناوچەکانی دەوروبەری شاری مەهاباد بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی شانۆی هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کردووە.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی پوستێر و تراکت و دروشمی تایبەت بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم وەک: «دەنگدان بە ڕێژیم خیانەت بە خوێنی شەهیدانە و سەرکەوێ ڕاسان» هەروەها سووتاندنی وێنەی «ڕەئیسی» چالاکییان بەڕێوە بردووە.
هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە درێژەی چالاکییەکانیاندا پەیمانیان لەگەڵ شەهیدانی کوردستان بە تایبەت شەهیدان» سمکۆ مەحمەڵ، سۆهراب خەدیرپیوور، هادی شێخە و ئەیووب سوڵتانی» نوێ کردووەتەوە.
لاوانی پێشەنگ لە مەهاباد وێنەی شەهیدانیان بڵاو کردووەتەوە و داواشیان لە خەڵک کردووە بە هیچ شێوەیەک بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا نەکەن.
لاوانی تێکۆشەر جەختیان کردووەتەوە کە ئەوان خوێنی شەهیدان لەبیر ناکەن و بە هیچ شێوەیەک لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا بەشداری ناکەن.
ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری «بۆکان، گوێکتەپە و گوندی لەجـ»ـی شاری مەهاباد داوایان لە خەڵک کردووە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری نەکەن.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە سەرکەوتنی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان

ئەوەی لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووی دا نووسینەوەی سەرلەنوێی مێژوویەکە کە زیاتر لە چوار دەیە بە ناڕەوا بە سەر خەڵکدا سەپاوە.
لە شانۆی هەڵبژاردنی ئەمڕۆ، «نا»یەکی گەورە بە کۆماری ئیسلامی وترا، خەڵکی کوردستان بە بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێفراندۆمێکیان خستە ڕێ و «نا»یەکی گەورەیان بە کۆماری ئیسلام نیشان دا کە نیشاندەری لەنێوچوونی پێگەی کۆماری ئیسلامی و لە هەمانکاتدا ڕەوایی ویستی خەڵک بوو.
ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرکەوتنی گەورەی ئەمڕۆ کە بە سندوقە خاڵی و بنکە چۆڵەکانی هەڵبژاردنی ١٤٠٠ بە جیهان نیشان درا، لە خەڵک و بەتایبەت لە ژنان پیرۆزبایی دەکات و وێڕای سپاسی هەموو چالاکانی کەمپەینەکانی «نا» بە کۆماری ئیسلامی ئەو ناڕەزایەتییە بەهەند وەردەگرێ و وەک دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی هەژمار دەکات.
لەم قۆناغە نوێیەدا هێزی دژبەری کۆماری ئیسلامی بەرینتر لە هەمیشەیە و کۆماری ئیسلامیش لە لاوازترین پێگەی خۆیدایە. گومان لەوە دانییە کە نەتەوەی کورد و لەم نێوانەشدا ژنان زۆرترین قازانج لە گۆڕان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەبەن.
هەر بۆیە ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە پێویستی دەزانێ وێڕای سپاسی هەموو چالاکان و خەڵکی کوردستان و بە تایبەت ژنان ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لە هەموو ژنانی کوردستان پیرۆزبایی بکات.

**ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات**
**٢٨ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٨ی ژووئەنی ٢٠٢١ی زایینی**

# ڕێژیمی ئێران بە زۆرەملێ خەڵک ناچار دەکات دژی حیزبی دێموکرات قسە بکەن



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی جۆزەردان کۆمەڵێک لە بنەماڵەی پێشمەرگەکان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شنۆ کراون.
بەپێی زانیارییەکانی گەیشتوو بە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» نووسراوەیەک لەلایەن مەئموورانی ئیتلاعاتی ئامادە کراوە و لەپێشان داناون کە بیخوێننەوە و ناچاریان کردوون دژ بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سکاڵا تۆمار بکەن.
لەو سکاڵا زۆرەملێیەدا بنەماڵەکان ناچار کراوان بۆ گەڕانەوەی کچ و کوڕەکانیان داوا لە UN بکەن کە هاوکارییان بکەن لە گەڕاندنەوەی منداڵاکانیان لە پێشمەرگایەتی.
بەپێی زانیارییەکان ڕێژیمی ئێران بە زۆرەملێ فیلمی لەو بنەماڵانە هەڵگرتووەتەوە.
ئەو هەوڵانەی ڕێژیم دژی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی بنەماڵەی پێشمەرگەکان لەکاتێکدایە خەڵکی کوردستان پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن و لە پەیوەستبوونی کوڕ و کچەکانیان بە ڕیزەکانی شۆڕش خۆشحاڵن.

## درێژەی پەیڤ

ڕاستەقینەی ڕێژیم، دەبوو هەموو هەوڵ و تێکۆشانێك بکەن تاکوو خەڵك بە قەناعەت بگەیەنن کە بەشداری شانۆی هەڵبژاردن نەبن و لەو بوارەدا کێشە و کۆسپی زۆر لەسەر ڕێگایان بوو. ڕێژیمیش زۆر سانا چەند ڕەوت و لایەنی بەستراوە بە ڕێژیمی ڕادەسپارد و خەڵکیان بۆ ئامادەبوون لەسەر سندووقەکان هان دەدا! لە دەورەکانی پێشوودا دەنگی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بە کەمی و بەکزی دەبیسرا و ڕێژیم پاڵی لێ دەدایەوە!
لە ٢٨ی جۆزەرداندا، ڕەوتەکە بەتەواوی پێچەوانە بوویەوە. ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە باسی لە بەشدارینەکردن و بایکۆت دەکرد و ڕێژیمیش بەتەواوی کەوتبووە پەلەقاژە تاکوو خەڵك هان بدا دووبارە فریو بخۆنەوە!
ڕەوتە سەرلێشێواو و بەستراوەکانی ڕێژیمیش بەتەواوی کاریان قورس ببوو و هەرچی پەلەقاژەیان دەکرد، کەمتر سەردەکەوتن! لەم دەورەیەدا، دەنگی ئۆپۆزسیۆن و دژبەریی ڕێژیم دەنگێکی بەتەواوی بەرز بوو و دەنگی ڕێژیمی خامنەیی و دەستوپێوەندییەکانی زۆر کز و لاواز بوو!
ڕۆژی ٢٨ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو کە نەتەوەکانی ئێران بە تێکڕا و هەموو خەڵکانی ئێران، دەنگی دژبەرییان بەرز کردەوە و بە بایکۆتکردنی شانۆی ڕێژیم، هاواریان کرد کە خامنەیی و ڕێژیمەکەی هیچ پێگەیەکیان نەماوە و قۆناخی هەرەسهێنانی ئەم ڕێژیمە دەستی پێ کردووە.

خوێنەرانی ئازیز

# تێلێویزیۆنی تیشک لە بەرەبەری بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شۆرای شاروگوندەکان لە ئێران و کوردستان کە ڕێکەوتی ٢٨ی جۆزەردان بەڕێوە چوو، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات وەڕێخست کە بەهۆی گرینگی باسەکە لێرەدا دەقی تەواوی ئەم وتووێژە دەخەینە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست:




**. وەک یەکەم پرسیار، دیارە ئەم پرسیارە بە شێوەی هاوبەش لەگەڵ باقی ئەو هاوڕێیانەی لەم بەرنامەدا بەشدار بوون مەترەح کراوە و ڕای ئەوانیش وەرگیراوە، پێم خۆشە لە زاری جەنابیشتەوە ببیستین کە ئێوە وەکوو ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران گوزینەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانتان دیاری کردووە و ڕاتانگەیاندووە، بۆچی بایکۆت؟**

ئاگادارن کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کورردستانی ئێران و زۆربەی هێز و لایەنەکان لە سەردەمی پێکهاتنی ڕێژیمی کوماری ئیسلامیدا کاتێک کە ڕێفراندۆم بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران پێک هات، ڕێفراندۆممان بایکۆت کرد؛ چوونکە هەر ئەودەم باوەڕمان وابوو کە ئەو ڕێژیمە ناتوانێ ئازادی و باقی ئەو مافانە کە خەڵک دەیهەوێت بەدی بێنێت، بۆیە ئەو ڕێژیمەمان لە گشتییەتی خۆیدا ڕەت کردەوە، لەو کاتەشەوە تاکوو ئێستا ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەگەر هەڵە نەکەم تەنیا لە یەک هەڵبژاردندا بەشداریمان کردووە باقییەکەی دیکەمان هەموو ڕەت کردووەتەوە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە لەبنەڕەتدا ئەو هەڵبژاردنانە، هەڵبژاردنێکی ئازاد و سەربەخۆ نین و مۆهەندێسی کراوە، بۆیە دەنگی خەڵک کاریگەرییەکی لە ئاکامەکەیدا نابێت. ئەوانەی کە هەڵدەبژێردرێن دیاریکراوی دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین بۆیە لەو هەڵبژاردنەدا کە زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو و هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ماهییەتی ڕێژیم و چۆنییەتی ئەو بەناو هەڵبژاردنانە بۆ خەڵک ڕوون بووەتەوە، ناوەندی هاوکاریش بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی بڕیاری دا بۆ ئەوەیکە بەشداری نەکەن و بایکۆتی بکەن.

**. کەواتە ئێوە پێتان وایە ئەو پرۆسە کە لە ئێراندا بەڕێوە دەچێت هەڵبژاردن نییە؟**

. دەتوانم ئاوها لێکی بدەمەوە کە ئەگەر ڕێژیم بۆ «خۆی» هەڵبژاردن دەکات بەڵێ ئەو پرۆسەیە باشترین هەڵبژاردنە بۆ ڕێژیم، باشترین مۆرەکان بۆ ڕێژیم لە بیروبۆچوونی خۆیدا بە پێی سیاسەتەکانی خۆی چنیویەتی، لەوێ داینـاون و ئەوانە لە واقیعدا باشترینی ئەو کەسانەن کە دەتوانن ئامانجەکانی ڕێژیم لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو لەژێر ناوی سەرکۆمار، هەرکامێکیان هەڵبژێرن، بەڵام ئەگەر وەکوو هەڵبژاردنی «خەڵک» بڵێین، نەخێر هیچ پیوەندییەکی بە هەڵبژاردنی خەڵکەوە نییە! چوونکە ئەو کاندیداتۆرانە کە دیاری کراون، خەڵک هەڵینەبژاردوون بەڵکوو دامودەزگای خودی ڕێژیم دیاری کردوون و خەڵک ناچار دەکات لە نێو ئەو نەفەرانە کە خۆی دیاری کردووە یەکێکی هەڵبژێرن کە هەرکەسێکیش بێت جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە؛ هەر وەکوو تاکوو ئێستاش ئەو سەرکۆمارانەی بە ناوی هەڵبژاردن هاتوونەتە سەر حوکم هیچ فەرقێک بە حاڵ و وەزعی خەڵکی ئێرانی نەکردووە، بۆیە لە نەزەر خەڵکەوە بڵێین ئەوە هەڵبژاردن نییە و هیچ پێوەندی بە خەڵکەوە نییە، شانۆگەرییەکە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دیاری کردووە بۆ ئامانج و بەرنامەکانی خۆی بەڵام دەیهەوێت لە واقیعدا لاساییکردنەوەیەک بکات لە شکڵی جمهووری وەکوو وڵاتانی دێموکراتیک و بڵێت کە ئەویش هەڵبژاردن دەکات، چونکە ناوەکەی جمهوورییە.

**. پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد لە دیدی ئێوە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چین کە ئەبێ لە ئێراندا بەڕێوە بچێت تاکوو خەڵک بە هی خۆی بزانێت؟**

. هەڵبژاردنی ئازاد بە مانای ئەوەیە کە خەڵک بە ئازادی و بە بێ ترس، کاندیدەکانی خۆیان دیاری بکەن و ئەوەش لە حاڵەتێکدایە کە ئەحزاب ئازاد بن و چالاکی بکەن و بەرنامەی خۆیان بخەنە بەرچاوی خەڵک و کاندیدی خۆیان دیاری بکەن و ئەو کاندیدایانە لە ململانێیەکی دێموکراتیکدا خۆیان بە خەڵک بناسێنن و خەڵک ئازاد بن لە هەڵبژاردنەکە، بەڵام ئێمە هەموو دەزانین کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تاکوو ئێستا ئەو ئازادییانە نەبوون و ئەوەیکە کراوە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی دەسچینی کردوون، ئەو بەرپرسانە لە ئاستی سەرەوە و تەنانەت لە ئاستی خوارەوەیش دەسچین کراون و دانراون و ئەوانە سیاسەتەکانی ڕێژیمیان بەڕێوە بردووە بۆیە ئێستا دەبینین بارودۆخی کۆماری ئیسلامی ئێران دوای نیزیک بە چل ساڵ دەسەڵاتداری ئەو وەزعییەتەیە کە ئێستا خەڵک زیاتر لە هەموو کاتێک بێزار بوونە، خەڵک بێکارە، بێنانە و لە گەڵ ئەنواعی نەخۆشی دەروونی و جسمی بەرەوڕوو بووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش وەزعییەتەکە بەرەو خراپتربوون دەچێ.

**. ئێوە لەو دوو ڕاگەیەندراوەی کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لەمەڕ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بڵاو کرایەوە بە زەقی ئیشارەتان کردووە بەوەیکە کوردستان جیاوازە و دەبێ سندوقەکانی دەنگدان لە کوردستاندا بەبەراورد لەگەڵ باقی ناوچەکانی ئێران چۆڵتر بێت. بۆچی پێتان وایە کە کوردستان جیاوازە لەگەڵ باقی جۆغرافیای ئێراندا؟ ئایا ئەتانەوێت هەر ئەو ڕۆڵی پێشەنگایەتییە کە لە ڕابردوودا بووە وەک خۆی بمێنێتەوە یا نا ئامانجی دیکەیشی لە پشتە؟**

. هۆیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە وەک باسم کرد ئێمە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیمان لە گشتییەتی خۆیدا ڕەت کردەوە، ئەو دەمەی کە ئێمە لە سەر ئەو باوەڕە بووین، زۆر لایەن و ڕێکخراو و چالاکی سیاسی هەبوون کە حیزبی دێموکراتیان خستە پەراوێزەوە بە هۆی ئەوەیکە دژی ڕێژیمە، بەڵام ئێستا لە ماوەی ئەو چەند دەیەدا بۆ هەمووی ئەوانە دەرکەوتووە. ئێستا دەبینین کە لەو بەناو هەڵبژاردنەدا چەندین جۆر ناوەند و ڕێکخراو و کەمپەین پێک هاتووە کە لە نێو ئێراندا چالاکن بە دژی هەڵبژاردن، وەکوو «نە بە جمهوری اسلامی»، «من رای نمیدهم» و بنەماڵەی زیندانییان، بنەماڵەی ماڵ لەدەسچووەکان، ئەوە سەرەڕای ئەوەیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەکوو ئیمامانی نوێژی هەینی، وەکوو سەرۆکی شارەوانی تاران هەڕەشەیان لە خەڵک کرد کە ئەگەر کەسانێک لە دژی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان تەبلیغات بکەن، ئەزییەت و ئازاریان دەدەن، دەیانگرن و لێپرسینەوەیان لێدەکەن و ئەوەیشیان کردووە، بەو حاڵەیشەوە خەڵک بەشداری ناکات، نەک هەر خەڵکی ئازادیخواز، چالاکانی سیاسی و ئۆپۆزسیون، بەڵکوو کەسانێک وەکوو ئەحمەدینژاد کە دوو دەورە سەرکۆمار بووە! ئەو دەڵێ من دەنگ نادەم، کچەکەی ڕەفسەنجانی ڕایگەیاندووە کە لە هەڵبژاردن بەشداری ناکات، کەوابوو زۆر ئاساییە کە خەڵکی کورد نیشان بدات کە زیاتر لە خەڵکی ئێران دژی ئەو شانۆی هەڵبژاردنانەیە، لە بەر ئەوەیکە خەڵکی کورد لەو چەند ساڵەیدا زیاتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران لە ژێر ستەم و سەرکوتدا بووە، زیندانی کراوە، ئێعدام کراوە و ئەو جیاوازیدانانەی لە نێوان کوردستان لە بواری ئاوەدانکردنەوە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بەراورد بکەین، لە بواری بێکاری، برسییەتی و هەژاری و ...، کوردستان لە هەمووی ئەوانە لە هەموویان وەزعییەتی خراپترە، بۆیە زۆر ئاساییە خەڵکی کورد بۆ ئەوەیکە پەیامی خۆی جارێکی دیکە بە ئەو ڕێژیمە بگەیەنێت، بە دنیای بگەیەنێت کە ئێمە ئەو ڕێژیمەمان ناوێت و ئەو ڕێژیمە پێوەندی بە ئێمەوە نییە، نەیەتە سەر سندووقەکانی دەنگدان و لە ماڵی خۆیان دانیشن لەو ڕۆژەدا.

**. لەو کوردستانەی کە ئێوە ڕووی قسەتان لەوانە، هەندێک کەس و لایەن هەن کە ئێستا بانگەشەی ئەوە ئەکەن ئەگەر بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بۆ نموونە دەنگ بە فڵانە کاندید بدەن لە بەرانبەر بەفەرز ڕەئیسی کە کاندیداتۆری ڕەسمی عەلی خامنەییە زیاتر بە قازانجی کورد ئەشکێتەوە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا بەڕاستی هیچ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەو بەربژێرانەی کە شورای نیگابان تەئیدی کردوون؟، هیچکامیان ئەتوانن ئەساسەن لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد هەنگاو هەڵگرن؟**

. ئەو جۆرە پیلانانە، لە هەموو هەڵبژاردنێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سازی کردوون هەبووە و دەشبێ. بۆ ئەوەیکە خەڵک هان بدات بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، مەسەلەن لە جیاوازی زمانی خەڵک، جیاوازی ئایین، جیاوازی نەتەوە، کەڵکی وەرگرتووە و ڕکەبەرایەتییەک پێک دێنێت لە نێو خەڵکدا بە دژی یەکتر بێن لە سەر سندووقەکانی دەنگدان، دەنگ بدەن بە کاندیدای خۆیان. ئەوە یەکێک لە قسەکانی ڕێژیم بووە بەڵام من پێموابێ لەو هەڵبژاردنەدا هەموو ئەو پیلانانەی ڕێژیم پووچەڵ بوونەتەوە و خەڵک لێی حاڵی بوون. ئەوان لە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوودا بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە، «اصلاحطلب، اصولگرا دیگە تمام ماجرا». خەڵک هەموو ئەو پیلانانەی ڕێژیمی خوێندووەتەوە و لە کوردستانیشدا ئەوە کاریگەر نابێت چوونکە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا نیشانی داوە کە هەر کەسێک هەڵبژێردرێت تەنانەت ئەگەر کەسێکی زۆر چالاک و نیشتمانپەروەریش بێت، ناتوانێت لەو ڕێژیمەدا خزمەتێک بە خەڵک بکات چوونکە ئۆسوولەن ئەوانە هیچکامیان دەسەڵاتێکیان نییە و دەسەڵاتی ئەساسی لە ئێختیاری یەک نەفەرە ئەویش خامنەییە! خامنەییش سیاسەتەکانی مەعلوومە و هەموو کەس لێی شارەزایە، بۆیە من پێموایە نە لە کوردستان و نە لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیشدا ئەو هەڵبژاردنە خەڵک پێشوازی لێناکات و ئێستاش بە پێی ئەو ئامارگیری و ڕاپرسییانە کە کراون لانیکەمی خەڵک بەشداری ئەکات، بە پێی ئەوەیکە باس دەکەن لە شارە گەورەکاندا وەک تاران ڕەنگە ١٥ لەسەد بەشداری کەن، تەبیعەتەن ئەو ١٥ و ٢٠ لەسەدە ئەگەر ببێت ئەوانەن کە سەر بە ڕێژیمن، یانی ئەو حکوومەتە هی ئەوانە، شتێکی زۆر ئاساییشە ئەوان دەبێت لەو حکوومەتە دیفاع بکەن و بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە ڕێپێوانەکانیدا بەشدار ببن و بە پێی ئەمر و فەرمانی وەلی فەقیە چی بڵێت ئەوە دەکەن، باقی خەڵکی دیکە من لەو باوەڕەدا نیم جارێکی دیکە فریوی ئەو شانۆگەرییانە بخۆن.

**. هێزە دژبەرەکان، بە درێژایی ٤٢ ساڵی ڕابردوو بەردەوام باسیان لەوە کردووە کە هۆکاری سەرەکی نەهامەتییەکانی خەڵکانی ئێران بە گشتی کۆماری ئیسلامییە و ئەو سیستەمەی کە زاڵە بە سەر ئەو وڵاتەدا، ئەمە لە فەرمایشەکانی جەنابیشتدا دەرکەوت بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەیشدا باڵەکانی نێو دەسەڵاتیش، هەم ئۆسوولگەراکان و هەم ڕێفۆرمیستەکان یا ئەوانە کە ناوی خۆیان ناوە ڕێفۆرمیست، ئەوانیش باس لەوە ئەکەن کە کێشە هەیە و خەڵک بە هۆی نەداری و بێکارییەوە ئەناڵێنن، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کێ بەرپرسیارە لەم دۆخەدا؟ هۆکارە سەرەکییەکان چین و کێن؟ کێ ڕاست ئەکات ؟ ئەوانیش هاوشێوەی هێزە دژبەرەکان هەمان قسە ئەکەن!**

. لەوەیکە دەڵێن خەڵک کێشەی هەیە و برسییە و ناڕازییە، لەوەدا ڕاست دەکەن. بەتایبەت لەو دیبەیتانە کە درووستیان کرد بۆ ئەو کاندیداتۆرانە، ئەو قسەیان ڕاستە بەڵام ئەوەیکە تەبلیغ دەکەن و هەرکام دەڵێن من ببمە سەرکۆمار ئاوا عیلاجی ئەکەم و ئەوە ئەکەم، لەوەدا وەکوو ڕابردوو درۆ دەکەن. مەسەلەن یەکێکیان دەڵێت ئەگەر من ببمە سەرکۆمار لە ماوەی ساڵێکدا هەژاری ناهێڵم! ئەویدیکە دەڵێت ئەمن خزمەتی سەربازی ناهێڵم و سەربازی حیرفەیی دەبێ بگیردرێت! ئەو درۆیانە کە لەگەڵ خەڵک تا ئێستا کردوویانە کە من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە ئەو قسانە کە ئەوانە دەیکەن لە پێش هەموو شتێکدا سووکایەتیکردن و تەوهینە بە خەڵک، یانی وا دەردەکەوێت کە ئەوان پێیان وایە ئەو خەڵکە ئەوەندە بێ فکر دەزانن کە خەڵک بەو قسانە فریو دەخۆن.

ئەوە لە بنەڕەتدا لە سیستمە توتالیترەکان کاتێک مەیدانەکەیان بەرتەنگ دەبێتەوە، ناڕەزایەتی پێک دێت، هیچکەس حازر نییە قبووڵی مەسئولییەت بکات بە تایبەتی کە ئێستا لە مۆنازێرەکاندا کە گوێت لە قسەکردنیان دەبێت شتی زۆر سادە باس دەکەن و باسی کێشەگەلێک دەکەن، بەڵام کەس ناوێرێ بە لای ئەوەدا بچێت کە مەسئولییەتی ئەو هەموو نەهامەتییەی خەڵک لە ئەستۆی وەلی فەقیهە و کەس ناوێرێ بەلای ئەوەدا بچێت، بۆیە ئاساییە کە ئێستا پێشبینی دەکرێت بەو وەزعە کە ئێران ئەچێتە پێشەوە لە داهاتوودا دۆخەکە لەوەیش خراپتر بێت، کەس قبووڵی مەسئولییەت ناکات، هەرچەند مەسئولییەتی هەیە لە گەندەڵی و درۆزنی و تاڵانکردنی سروەت و سامانی خەڵکدا ڕەقابەت دەکەن لەگەڵ یەکتر و نەتیجەکەیشی ڕوونە، ئەوانە مەسئولییەت قبووڵ ناکەن، ئەو دەیخاتە ئەستۆی ئەو و ئەویش ئەیخاتە ئەستۆی ئەویتر و ئەو سیناریۆیە بەو شکڵە تیکرار دەبێتەوە.

**. کاک مستەفا ئێوە زۆر جار چ ئێستا لە قسەکانتاندا ئیشارەتان پێکرد چ لە لێدوانەکانی پێشووتردا وەکوو حیزبی دێموکرات باوەڕتان وابووە کە ئەو سیستەمەی حاکمە بەسەر ئێران سیستمێکی توتالیتێری دیکتاتۆرلێدراوە، بە پێی پێناسەیەک کە بۆ وڵاتێکی دیکتاتۆر دەکرێت، سیستمی دیکتاتۆر پێویستی بەوە نییە کە پرۆسەیەکی هەزینەبەری وەکوو هەڵبژاردن بەڕێوە بەرێت تاکوو بۆ نموونە سەرکۆمارێک دیاری بکات، بەڵام ئێمە لە ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بینیومانە و ئەبینین کە ئەم پرۆسە هەر هەیە، ئایا ئەمە ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی ئێوە نییە؟**

درێژە لە لاپەڕەی ٥

درێژەی لاپەڕەی ٤

یا نەخێر ئەمە هەوڵێکی کۆماری ئیسلامییە بۆ لەبەرکردنی بەرگێک لە لای ڕای گشتی بۆ ئەوە نیشان بدات کە دەوڵەت یا حکوومەتێکی ئەمڕۆیی و سەردەمیانە لە سەر حوکمە؟

. لە وڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد کە نیشانەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد چییە کە خەڵک تێیدا بەشداری بکات، ئەو شەرایەتە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوونی نییە بەڵام کۆماری ئیسلامی ناونیشانەکەی جمهووری ئیسلامییە، حکوومەتەکەی ئیسلامییە و جمهووریشیان پێوە لکاندووە، کە دەڵێن جمهووری یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حکوومەتە جمهوورییەکان ئەوەیە کە جەماهیری خەڵکە کە دەبێت بە هەڵبژاردن نوێنەری خۆیان دیاری بکەن، ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوەیکە وشەی جمهوورییەکە بە نیسبەتی سیستمەکەی خۆی مانادار بکات، ئەو شانۆگەرییە ساز دەکات و ئەوەیش لە زۆر وڵاتانی دیکەیشدا کە سیستمە دیکتاتۆرەکان حاکمن بەڕێوە دەچێت، بۆ وێنە لە بیرمانە هەموو ساڵێک کە هەڵبژاردن دەکرا سەدام حسەین ٩٥ لەسەدی دەنگی خەڵکی ئەهێنایەوە، بەشار ئەسەد دوای ئەو هەموو جینایەتە کە کردی و وڵاتەکەی وێران کردووە ئێستا هەڵبژاردنێکیان بۆ ڕێک خست کە دەنگی یەکەمی هێناوە و بوویەوە بە سەرکۆمار و ئەوە لە دیکتاتۆرەکان لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا هەبووە، لەو سیستمانەدا هەڵبژاردن لاساییکردنەوەیەکە لە جمهوورییەت کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیمۆکراتیکدا بەڕێوەدەچێت بەڵام چوونکە لە ناوەڕۆکدا بەتاڵ بووەتەوە ئەو وشە ئیدی کەس متمانەی پێناکات هەر وەکوو مەسەلەن هەڵبژاردنەکانی بەشار ئەسەد کە لەو دواییانە کرا و کەس متمانەی پێ نەدەکرد، کۆماری ئیسلامیش کەس متمانەی پێناکات چوونکە بۆ خۆیان سیناریوەکە دادەنێن و بەڕێوەی دەبەن بە بێ ئەوەیکە چاوەدێرانی نێودەوڵەتی بەشدار بن، ڕۆژنامەنووسان ئازاد بن لە ڕاپۆرتدان، بۆیە ئەوانە لەواقیعدا هەڵبژاردن نین و جمهووری نین بەڵکوو توتالیتێرن، هەرشتێکی دەوێت لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆیدا ڕێکی دەخات.

**. پرسیارێک کە لێرەدا دێتە گۆڕێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئیشارە کە ئێوە کردتان بە نەخشی وڵاتانی ڕۆژاوا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە گشتی ئەویش ئەوەیە کە هەنووکە کە کۆماری ئیسلامی سەرقاڵی بەڕێوەبردنی ئەم شانۆگەرییەیە هەروا کە ئیشارەتان پێ کرد هاوکاتیش لە حاڵی دانوستاندایە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوایی بە گشتی و ئامریکا بە تایبەتی، پێتان وایە ئاکامی ئەم بەناو هەڵبژاردنانە کە لە مانگی جۆزەردان و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەڕێوە دەچێت هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لە سەر وڵاتانی ڕۆژاوایی و داواکارییەکانی ئەوان بەرانبەر بە تاران؟**

. دەبێت ئەو واقعییەتە قبووڵ بکەین کە ئەوەیکە ڕۆژاوایییەکان لە وتوویژ و پێوەندی گرتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و باقی وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا درێژەی دەدەن بەدەستهێنانی هێندێک ئامانج و قازانج و بەرژەوەندی خۆیانە و ئەوجار هێندێک سیاسەت کە دەیانهەوێت لە دنیادا بیبەنە پێشەوە مەسەلەن لە وتوویژی ئێستادا کە لە نێوان ئۆرووپاییەکان و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئامریکا لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لەئارادایە لە سەر مەسەلەی بەرجام کە هەردوولا بگەڕێنەوە سەر بەرجام، خەمی ئامریکاییەکان و ئۆرووپاییەکان ئەوەیە کە کارێکی وا بکەن کە بەو وتوویژانە کۆماری ئیسلامی دەستی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ ئەوەیکە بتوانێت چەکێکی ناوکی دروست بکات، دەستی پێ ڕانەگات، ئەوە ئامانجی کۆتاییانە، باقی شتەکانی دیکە کە دەمێنێتەوە وەک مەسەلەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و ئەوانە لەگەڵ ئەوەیکە وڵاتانی ڕۆژاوایی نیزامەکەیان نیزامێکی دێموکراتیکە، مافی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرن و ئازادی هەیە بەڵام لە وڵاتانی دیکەدا ئەوە ویستی یەکەمیان نییە بۆیە ئەوجۆرە وتوویژانە کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا و لەگەڵ باقی وڵاتانی دیکتاتۆردا دەیکەن، ڕەقابەتێکی ناوچەییە بۆ بەدەستهێنانی قازانج و بەرژەوەندی و نفووز و دەسەڵاتی زیاتر لە ناوچەکانی جیاوازی دنیادا، بۆیە ئێمە نابێت لەپێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا پێمان وابێت ئاڵوگۆڕێک پێک دێت. سەرکۆمارێکی دیکە بێتە سەر کار سیاسەتی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوە دەبێت کە تا ئێستا بووە هەر وەکوو لە ڕابردوودا هەبووە؛ دیارە ڕۆژاواییەکان پێشتر کە ئیسڵاحتەڵەبەکان قسەیان بۆ کردن هەبوو، خەڵکێکیان بە دەورەوە بوو، هێندێک هیوایان هەڵچنیبوو لە سەر ئەوەیکە بە پشتیوانی کردن لەوان دەتوانن ئەو ڕێژیمە ئیسلاح بکەن و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو چاکسازی بەرن، ئێستا بۆ ئەوانیش دەرکەوتووە، ئەوانیش بە ئاشکرا باس دەکەن کە خەڵک و پارلمان و حکوومەت هەموویان دەسچینی ڕێژیمن، دادەنرێن بۆ ئەوەیکە سیاسەتەکانی ڕێژیم بەڕێوە بەرن، بۆیە جیاوازییەکی نییە کە کێ بێتە سەر کار.

**. کەواتە ئێوە پێتان وایە لایەنە ڕۆژاواییەکان لە سەر ئەساسی بەرژەوەندییەکانی خۆیان سیاسەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکەن؟**

. بێگومان وایە لەسەر قازانج و بەرژەوەندی خۆیانە، ئەگەر قازانج و بەرژەوەندییان ئیجاب بکات لە مەنتەقەیێکدا دەخاڵەت دەکەن، هێز دەنێرن، وەختێک قازانج و بەرژەوەندییان ئیجاب نەکات ئەوە دەخەنە مەرحەلەی دووەم، سێهەم و ئەولەوییەتەکانی دیکەیان دەبەنە پێش.

**. بەشێکی تر لەو هەڵبژاردنانە کە لە ڕۆژانی داهاتوودا هاوکات لەگەڵ بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران بەڕێوە ئەچێت بریتییە لە هەڵبژاردنەکانی شووراى شار و گوندەکان؛ بەشێک لە چالاکانی مەدەنی باسی لەوە دەکەن تەحریمکردنی ئەم بەشە لە هەڵبژاردنەکان بە قازانج نییە چوونکا بە هەرحاڵ ئەندامانی شوورا ڕاستەوخۆ لەگەڵ شارەدارییەکان پێوەندییان هەیە و ئەوانیش لە حاڵی خزمەتگوزاری بە خەڵکی شارەکەن و سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوەی شارەکان و گوندەکانیشن، کەواتە ئێوە بۆچی هەردوو هەڵبژاردنەکە تەحریم ئەکەن ئایا ئەمە بە قازانجی خەڵک نییە کە بەشدار بن لە هەڵبژاردنی شۆراکان؟**

. ئەوەیش بەشێک لەو فرتوفێڵانەیە کە لە سەرەتادا لە ڕێگای ئیسڵاح تەڵەبەکانەوە هاتووەتە نێو خەڵک کە وەها بنوێنن ئەوە لەوی دیکە باشترە یا بە قەولی فارسەکان دەڵێن لە نێوان بد و بدتر، بد هەڵدەبژێرن، لە نێو مەنتەقەکانی شار و شارستان و گوندەکاندا باسی ئەوە دەکەن کە مەسەلەن لە فڵان جێگا کاندیدی تورک و کورد هەیە با دەنگ بدەینە کاندیدە کوردەکە، لە جێگاییێکدا کاندیدی شێعە و سوونی هەیە هان دراون یا وا حاڵی کراون کە دەنگ بدەن بەو کاندیدە کە هاوزوان و هاوئایینی ئەوانە قازانجی دەبێت لە حاڵێکدا ئەوەیکە باسمان کرد، ئەو ڕێژیمە لە ئەسڵییەتی خۆیدا کاتێک سەرکۆمار دەسەڵاتی نییە چۆن دەکرێ چاوەڕوان بیت لە گوندێکدا مەسەلەن ئەندامێکی شۆرا دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بچێت لە سەر مافی خەڵکەکەی وەجواب بێت و قسەکەی گوێ لێبگرن!؟ ئەگەر ئەوە ڕاست بوایا تاکوو ئێستا لە ماوەی ئەو زیاتر لە چل ساڵەدا کە چەندین دەورەی هەڵبژاردن کراوە دەبوایە ئەو شۆرایانە شار و گوندەکانی کوردستانیان وەکوو بەهەشت ئاوەدان کردبا، جادەو کارەبا و ئاو و هەموو پێداویستییەکانی شاریان دابین کردبا بەڵام ئێستا هەموومان دەزانین کە وەزعییەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتدا لە هەموو بارێکەوە لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران وێرانترە و خەڵک بێکارترە. باشە ئەگەر ئەو شورایانە توانیویانە لە خزمەت خەڵکدا بن و داخوازی خەڵک بەرن و حکوومەت گوێیان لێ بگرێت بۆچی ئێستا وەزعی کوردستان ئاوایە؟ کەوابوو ئێمە ئێستا وەزعی کوردستان لە بەرچاومانە و ئەوە دەبینین شتێکی دیکەیش کە تاکوو ئێستا زۆر جار دووپات بووەتەوە ئەوەیە کە هەر کەسێک شورا بووە تەنیا بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆی هەوڵی داوە جا لە شار بێت یا لە گوند بێت فەرق ناکا. لەگەڵ دامودەزگاکانی ڕێژیم بە قازانجی خۆیان سازاون ، بۆیە من پێم وایە بە گوێرەی ئەو خەبەرانە کە بڵاو دەبنەوە ئێستا وەزعەکە وای لێهاتووە لە بەشێکی زۆر لە گوندەکان کەس نییە خۆی کاندید بکات، لە هێندێک گونددا خەڵکێک کە خۆیان کاندید کردووە ئەوان چوونکە بە دڵیان نییە ڕەدیان کردوونەتەوە تەنانەت لە گونددا بۆ ئەندامێکی شوورا دەبێت کەسێک بێت کە حکوومەت تەئیدی بکات بۆیە من چاوەڕوانی ئەوەم هەیە و پێموایە خەڵکی کورد نابێت بکەوێتە داوی ئەو جۆرە قسانە و بەو دەلیلانە بچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان چونکە شەریک دەبن لەو هەموو جینایەتە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیکات و نیشان بدات کە لەگەڵ ڕێژیمە، پشتیان لە ئەندامێکی شورا دەکات، چوونکە هیچ کارێکیان بۆ خەڵکەکە نەکردووە و ئەگەر کەسێکی زۆریش نیشتمانپەروەر بێت، بە هەڵکەوت دەنگ بێنێتەوە و بچێت لەوێ دانیشێت ناتوانێت هیچ خزمەتێک بکات، چوونکە سیستمەکە بەو شێوەیە داڕێژراوە.

**.کاک مستەفا ئەمە وەک هەل دەبینم و پێم خۆشە لەم دیمانەی کە پێکەوە هەمانە چەند پرسیار جیا لە باسی هەڵبژاردنەکان ئاراستەی جەنابت کەم، یەکەم ئەوەیکە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە داخەوە تێکهەڵپڕژانێک لە نێوان دوو هێزی کوردی، واتە پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان هاتە ئاراوە کە بەداخەوە شەهید و برینداریشی لێکەوتەوە. جیا لەوەیکە هۆکارەکان چی بوون و چۆن ئەم مەوزووعە ڕووی دا پێم خۆشە پەیامی ئێوە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ببیستم و بینەرانی خۆشەویستیش ئاگادار بن لێی:**

. بێگومان ئەوتێکهەڵچوونەی دوو هێزی کورد وەک هەموو تێکهەڵچوونەکانی کوردی لە نێو خۆیدا هەم ئێمەی خەمبار کرد هەم خەڵکی دیکەی نیشتمانپەروەری کورد لە هەموو جیهاندا، پێموایە کە وەکوو کورد هەموومان بەو ئاکامە گەیشتووین کە شەڕی نێوخۆیی حەرام بکەین دژی یەک، دەست بۆ چەک نەبەین، لەو سەردەمەدا فێر بین کە کێشەکانمان و ناکۆکییەکانمان لە ڕێگای وتوویژ و دانوستانەوە چارەسەر بکەین چوونکە بەداخەوە زۆرجار ئەوەمان بینیوە کە لە شەڕی نێوخۆییدا ئەوەیکە قازانج دەکات و براوەی شەڕەکانە دوژمنەکان و نەیارەکانی کوردن، بۆیە من هیوادارم کە ئەو مەسەلەیە لەو دوو لایانەوە بە وتوویژ چارەسەر بێت و تەشەنە نەستێنێت.

**. یەکێک لە کەڵکەڵە زەینییەکان کە لە چەند مانگی ڕابردوودا بەتایبەتی پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی جارێکیتر و سەرلەنوێ دەسپێشخەری حیزبی دێموکرات بۆ پرسی یەکگرتنەوە پرسیارگەلی جۆراوجۆری لە زەینی خەڵکدا ساز کردووە ئەوەیە کە ئەساسەن یەکگرتنەوە ڕوو ئەدات یا نا؟ و ئەم پرۆسە بە کوێ گەیشت؟ پێم خۆشە لەم مەجالە کەڵک وەربگرم و لە زاری جەنابتانەوە ئەوە ببیستین؟**

. هەیئەتی هەردوولا هەروا بە گەرم و گوڕی لە وتوویژدان لە سەر ئەو خاڵانەی کە جیاوازی بیروبۆچوونمان هەبوو؛ لە سەر بەشێکی زۆریان بە تەوافوق گەیشتوین بەڵام هێشتا مەرحەلەکە ماویەتی، پرۆسەکە درێژەی هەیە، هەروا دەچینە پێش و هیوادارم بە نەتیجەی نەهایی بگات و ئاکامەکەیب بێتە ئەوەی کە بتوانین جارێکی دیکە ئەو دوو لایەنە یەک بگرینەوە.

**. چەنێک گەشبینن بەم پرۆسە و ئەنجامەکانی؟**

. ڕاستییەکەی من لە سیاسەتدا نە گەشبینم نە بەدبین، واقیعبینم! واقیعییەتەکان ئەبینم، باسوخواستەکان، نەزەراتی ئەملاوئەولا، وەزعییەتی کۆمەڵگا ئەبینم، بەپێی ئەو واقیعبینییە و بەپێی ئەو خاڵانە کە تاکوو ئێستا بە تەفاهوم گەیشتوین لەگەڵ یەکتری زەمینەکە دەبینم کە زیاتر بچینە پێش و هەنگاوی باشتر هەڵگرین.

**. یەکێک لەو مەسایلەی کە لە جەریانی پرۆسەی یەکگرتنەوە وەک کەڵکەڵەیەک لە زەینی خەڵکدا بووە و زۆر جار پرسیارەکان ئاراستەی ڕاگەیاندنی حیزبیش کراوە بریتی بووە لەوەیکە لە دوای پرۆسەی یەکگرتنەوە و بە ئەنجام گەیشتنی، پرسی ڕاسانی ڕۆژهەڵات چی لێ بەسەر دێت؟ ئایا سڕ دەکرێت یا نا بە گڕوتینی زیاترەوە ئیدامە ئەدرێت؟ چۆن ئەو دڵنیاییە ئەبەخشن بە خەڵک؟**

. ئەوە یەکێک لەو خاڵانە بووە کە ئێمە خستوومانەتە بەر نەزەری ئەو لایەنەی دیکەی دێموکرات؛ قسەی لە سەر دەکەین و هەوڵ دەدەین کە ڕاسان بەردەوام بێت؛ چوونکە لەواقیعدا لایەنەکەی دیکەیش لە بواری سیاسی و تەشکیلاتییەوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیاوازییەکی ئەوتۆمان نییە. ئەوانیش باوەڕیان هەیە بەوەیکە بە چالاکی پێشمەرگانە و ڕێکخستن و دیپلۆماسی و هەموو ئەوانە باوەڕیان پێی هەیە بۆیە ئێمە خستوومانە بەر نەزەریان و قسەی لە سەر دەکرێت هیوادارم بە نەتیجە بگەین.

**. یانی هێشتا لە دانوستاندان لە سەر ئەم باسە و هێشتا نەتیجەیەکی گشتی نییە؟**

. بەڵێ ئێستا لە دانوستاندایین لە سەر ئەو باسە .

**. لە کۆتا خولەکەکانی ئەم بەرنامەداین پێم خۆشە دوا پەیام یا دوالێدوانی ئێوە سەبارەت بە کۆی مەوزووعاتی ئەم مژارە کە باسمان لێ کرد لە زاری جەنابتانەوە ببیستین:**

. من لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکم هەبێت باسی بکەم تەنیا ئەوەیە کە لە خەڵکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوا دەکەم کە ئەو بایکۆتەی کە ناوەندی هاوکاری ڕایگەیاندووە ئەوە بە دروستی جێبەجێ بکەن و سندووقەکانی دەنگدان بەتاڵ بهێڵنەوە؛ لە ڕۆژی دەنگداندا بۆ ئەوەیکە جارێکی دیکەش پەیامی خۆیان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە دنیا بگەیەنن کە ئەوان ئەو ڕێژیمەیان ناوێت، ئەو ڕێژیمە لەوان نییە و بەتایبەتی بە ڕێژیم حاڵی بکەن کە ئەو شانۆسازییانە و ئەو پیلانانە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو جارێک لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا دەیهێنێتە ئاراوە، چیدیکە ناتوانێت خەڵک فریو بدات و یەکدەنگ لەباتی ئەوەیکە بێنە سەر سندوقەکانی دەنگدان لە ماڵی خۆیاندا دابنیشن. چوونکە ڕێژیم، خەڵک دەنگ بدات و دەنگ نەدات ئەو مۆرەی دڵخوازی خۆی دیاری کردووە، یانی چوونە سەر سەندووقی دەنگدان هیچ کاریگەرییەکی لە نەتیجەکەدا نییە بۆیە پێویستە ئێستا بۆ چەندمین جار نیشان بدرێت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێو خەڵکی کورددا بێزراوە و متمانەی پێناکەن، هەموو مۆرەکانی لە سەرەڕا تاکوو خوارێ و ئەو هەڵبژاردنە بە جیددی تەحریم بکەن و جوابێکی نا بە کۆماری ئیسلامی بدەنەوە و تێکەڵ بن بەو کەمپەینانە کە لە سەرانسەری ئێراندا پێک هاتووە بۆ وتنی «نا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی» .

**. بەڕێز کاک مستەفا هیجری لێپرسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سپاس بۆ بەشداریتان**

. سپاس بۆ ئێوەیش کە ئەو دەرفەتەتان پێک هێنا بۆمان.



# شەهید «لوقمان مێهفەر»؛ سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی دێموکرات

ئەلبورز ڕۆئینتەن

بەشی دووهەم

شەهید "لوقمان" تەنیا چەند ڕۆژ دوای ئەو پەیامە لە بەردەوامی نەخۆشییەکەی گوازرایەوە بۆ شاری هەولێر بۆ نەخۆشخانەی تایبەت بە تووشبوانی کۆڕۆنا لە بەشی "چاودێری چڕ" خەوێندرا کە بەداخەوە نەخۆشی و مەرگ فرسەتیان پێنەدا تا بازنەی کاری ڕێکخستنی و ڕێکخراوەیی حیزبەکەی بەربەرینتر بکاتەوە و زیاتر لە جاران لاوانی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی وڵاتەکەمان بەبیری ڕێبازی دێموکرات پەروەردە بکات. لەوانەیە ئێستا هۆکاری ئەو خۆشەویستی و ناسراوییەی کاک "لوقمان" لەنێو خەڵکدا و سەرکەوتنی لە بواری ڕێکخستنیدا بۆ ئێمەمانان زیاتر دەربکەوێ. ئەو کە تەنانەت لە سەرەمەرگیشدا خەڵک و خەباتەکەی لەبیرنەکرد، بێگومان بۆ هەمیشە بە زیندوویی لە دڵی خەڵکدا دەمێنێتەوە.

لە خەباتی پێشمەرگایەتی و قۆناخی سەختی شەڕی داسەپاو و بەرگری چەکدارانەدا، کاک "لوقمان" هەر زوو لەنێو ڕیزی فەرماندەرانی نیزامی و بڕیاردەرانی هێزی پێشمەرگەدا جێگە دەگرێ. فەرماندەیی شەهید "لوقمان" بە گەلێک تایبەتمەندییەوە سەرکەوتوو بوو چوونکە خاوەنی تاکتیک و بەرنامەی پلاندار بوو کە لەڕاستیدا بە ئەزموونکردن و هەڵسەنگاندن بۆ چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ڕابردوودا و خوێندنەوە بۆ هێزی دوژمن، بەدەستی هێنابوو. لەو ڕەهەندەوە شەهید "لوقمان" لە فەرماندەیی کردنی چەندین داستان و حەماسەی زۆر گەورە بەشداری کردووە و سەرکەوتنی گەورەشی بەدەست هێناوە. ئازایەتی و وریایی لەلایەک، لێزانی و پلانداڕێژی دوورمەودا لەلایەکی دیکەوە، کاک "لوقمان"یان کردبووە فەرماندەیەکی بەوەجی ناسراو. ئەو دێڕانەی نێو پەیامی هاوخەمی مامۆستا "حەسەن شیوەسەڵی" کە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕابردووی خەباتی کاک "لوقمان" بووە، سەلمێنەری سەرکەوتوویی فەرماندەیی شەهید "لوقمان"ـە لەبواری فەرماندەییدا:

"گیانفیدایی و لەخۆبردوویی، هیلاکی و ئارەقڕشتن، بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و ڕاونانیان، پێشڕەوی و پاشەکشەی ژیرانە، حەماسە و خوێن، نەبەردی خوێناوی و سەرکەوتنی یەک لە دوای یەک، ئەو شانازییانە و دەیان شانازیی دیکەش بەشێکی زۆر کەمی شانازییەکانی کاک "لوقمان مێهفەر" پێکدێنن." شەهید "لوقمان" بە درێژایی تەمەنی خەباتیدا هیچ کات لە فەرماندەیی پێشمەرگەدا بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵات دوور نەکەوتەوە، ئەگەر لە دەیەکانی شەست و حەفتادا وەک لاوێکی پڕ لە وزە و خاوەن هێزی ئەزموون ڕۆڵێکی کارای لە شارەکانی ورمێ و شنۆ و پیرانشار و سەردەشت و مەهاباد و بۆکان و سەقز و بانە و ....هتد لە بەرگری لە خاکی کوردستان و شەڕی پارتیزانی هەبوو، لە کاتی بووژانەوەی شۆڕشدا لە ساڵەکانی دوایی دەیەی نەوەدی هەتاوی وەک فەرماندەیەکی بە ئەزموون و وریا و خاوەن ورە، بە سەری سپییەوە دیسان چووە نێو قووڵایی خاکی کوردستان و پەیامی ڕاسان و هەستانەوەی لە مەڵبەندی موکریان، زێدی پێشەوا قازی محەممەد لە نزیکەوە بە گوێ و دڵ و مێشکی خەڵک گەیاند.هەرچەند جیاوازییەکی زۆر لە نێوان سەردەمی خەباتی چەکدارانەی حیزب (۱۳۵۷ — ۱۳۷۵ی هەتاوی) بەبەراورد لەگەڵ قۆناخی نوێی خەباتمان (ڕاسان ۱۳۹۵ تا ئێستاش کە بەردەوامە) هەبوو و هەیە، بەڵام وریایی و لێهاتوویی لە فەرماندەیی کردن وایکردبوو کە لەو ئامادەبوونە بەکردەوەییەشدا کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە سەرپێکەوتن و چەسپاندنی ڕاساندا هەبوو، سەرکەوتنی گەورە بە دەست بێنی، کە دەتوانین بە حەق شەهید لوقمان بە فەرماندەی ئەرکە ئەستەمەکان بناسێنین. من وەک ئەندامێکی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزب شایەدی ئەوە بووم کە شەهید لوقمان لە کاتێکدا خۆی بۆ ئەندامێتی ناوەندی سیاسی کاندید کرد ڕایگەیاند: "سەرەڕای جیاوازی شێوازی کارکردنی ناوەندی سیاسی لەگەڵ ئۆرگانەکانی دیکە بەتایبەتی لەگەڵ کاری نیزامی، بەڵام هەرکاتێک کە حیزب و نەتەوەکەمان بە پێویست بزانن من دیسان هەر ئامادەم کە گۆچانی خۆم هەڵگرم و لە شاخەکانی کوردستان وەک پێشمەرگە درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەم". شۆڕشگێڕ بەردەوام هەوڵی فێربوون دەدات و بەرهەمی فێربوونەکەشی بەردەوام بۆ ئەوانی دیکە دەگوازێتەوە. ئەو خەسڵەتە شۆڕشگێڕانەیە لە کەسایەتی شەهید لوقمان بە جۆرێک بەرجەستە ببوو کە ناسناوی "وانەبێژی ڕاسان" بە مانای وشە شایانی ئەو بوو. دوای ئەوەیکە شەهید لوقمان بەهۆی تێکەڵبوون بە شۆڕشەوە لە خوێندن دادەبڕێت، لە زانکۆی شۆڕشدا هەوڵی ئەوە دەدات لە فێربوون دانەبڕێت واتە دانەبڕان لە فێربوون کە خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ سەرکەوتن لە کارەکاندا ئاوێتەی ژیانی شەهید لوقمان ببوو. دەستپێکردنەوە بە خوێندن و هەوڵدانی بۆ گەیشتن بە زانکۆ لە باشووری کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی لە نێو شۆڕشدا و هەروەها سەرپەرشتی و پەروەردەی منداڵەکانی و دەیان گرفتی ژیانی ڕۆژانە کە هیچیان ڕێگر نەبوون لە سەرکەوتنی ئیرادەی کاک لوقمان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی و کارکردنێکی سەرکەوتووانە وەک مافپەروەرێکی شارەزا کە توانی ئەو پسپۆڕییەشی بخاتە خزمەتی شۆڕش. هەوڵەکانی شەهید لوقمان بۆ فێربوون لێرە کۆتایی نەهات بەڵکوو لە ڕێگەی توێژینەوە و خوێندنەوەی بەردەوامەوە توانیبووی هەگبەیەکی باشی زانستی وەسەریەک بنێت، ئامانجیشی ئەوەبوو کە لەو ڕێگەیەوە ئەو هەگبەیە بخاتە خزمەتی هەموو فیرخوازانی نێو شۆڕش. هەر بۆیەش بۆ ماوەیەکی درێژ وەک مامۆستای فێرگە چەندین وانەی جیاوازی دەگوتەوە وەک: مێژووی شۆڕشەکانی کورد، بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حیزب، مافی مرۆڤ و چەندین وانەی پەیوەندیدار بە یاسا و دەستوورەوە. شەهید لوقمان لە یەکێک لە نووسینەکانیدا کە لەژێر ناونیشانی "لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم، وانەیەکی بەنرخ" کە باس لە سەردانی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو بۆ ناوچەکانی نەغەدە و پیرانشار لە ساڵی۱۳۶۲ی هەتاوی دەکات، کە لەو سەفەرەدا ڕێبەری نەمرمان جەختی زۆری لەسەر گرینگیدان بە خوێندن و قوتابخانەکان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەکات کە دەبێ هێزی پێشمەرگە و حیزب لەو بوارەدا زۆر چالاک بن، وەک وانەیەکی بەنرخ نەک تەنیا لە مێشکی شەهید لوقماندا بە زیندوویی بۆ هەمیشە نەخشی بەستووە بەڵکوو لە کردەوەشدا دەبینین وەک فەرمانێکی سەربازی جێبەجێی کردووە. لەو بیرەوەرییەدا بەو شێوەیە باس لەو وانە بەنرخە دەکات: "لەژێر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی شەهید قاسملوودا ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات باشترین دەرفەتی بۆ قوتابیان دەرەخساند تا لە خوێندن و فێربوون و خۆپێگەیاندن بێبەش نەبن بۆیە من بە نۆرەی خۆم لەو ڕۆژەوە هەتاکوو ئەمڕۆ لە هەر پلە و پایەیەکی بەرپرسایەتیدا بووبم ئەوەی لەدەستم هاتبێت بۆ قوتابیان و قوتابخانە، بۆ هاندانی مامۆستا و پێگەیاندنی قوتابیان و پەرەپێدان بە خوێندن لەهەر قۆناغێکدا بووبێ دریغیم نەکردووە. سەبارەت بە منداڵەکانیشم لەوبارەوە ئەرکی خۆشم بەجێگەیاندووە. لەگەڵ هەموو تەنگ و چەڵەمەیەکی سەر ڕێی خەباتمان من و خەجیجی هاوژینم توانیمان لەسایەی حیزبی دێموکراتدا پشتیوانێک بین بۆ منداڵەکانمان تا بخوێنن و خۆیان پێبگەیەنن، بەخۆشییەوە پێنجیان بڕوانامەی زانکۆ و پەیمانگایان هەیە و یەکێشیان جاریّ خوێندکارە و هیوادارم بتوانێ قۆناغەکانی خوێندنی باڵا ببڕێ تا زیادتر و باشتر سوود بە کۆمەڵگەکەی بگەیەنێت." ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سیمای کادرێکی دێموکرات و خاڵەکانی کە لەلایەن دوکتور قاسملووی نەمرەوە داڕێژرابوو، دەبینین لە هەمووی زیاتر ڕێزگرتن لە دێموکراسی و یاساوڕێسای پەسندکراوی کۆنگرە، هەروەها سەربەخۆیی فیکریی و ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز وەک ئەوەی شیاوی تاکێکی دێموکرات بێ لە کەسایەتی شەهید لوقماندا بەرجەستە ببوو. تەنانەت لەسەر ئەو بنەمایانەدا ئەو کاتەی کە بۆ خۆی بەرپرسی بەشی پێشمەرگە بوو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی پێشمەرگە و ئەندامی حیزبی فۆرموولە کردبوو بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی پێشمەرگە شایەنی ناو و کەسایەتی پیرۆزی پێشمەرگە بێت. ئەوەی لە هەموو کاتێکدا لە لێکدانەوە سیاسییەکانیدا زۆر بە ڕوونی دەماندیت، خزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەیی بوو، بەرژەوەندی نەتەوەیی لە سەرەوەی بەرژەوەندی حیزبی و بەرژەوەندی حیزبیشی لە سەرەوەی بەرژەوەندی کەسێتی خۆی دادەنا. ئەو پرەنسیپە گرینگە لە وێستگە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی شەهید لوقمان زۆر بە ڕوونی دیارن. وتەیەکی "ئەرەستو تالس" فەیلەسوفی ناوداری یۆنانی سەبارەت بە مامۆستاکەی هەیە کە دەیگووت من ئەفلاتونم خۆش دەوێ بەڵام حەقیقەتم لە ئەو زیاتر خۆش دەوێ. شەهید لوقمان سەرەڕای ڕێزی بۆ تاکەکانی نێو شۆڕش بەڵام شۆڕش و بەرژەوەندی نەتەوەکەی لە هەموو کەسێ زیاتر خۆشدەویست. ئەوەی کە دەتوانم وەک شایەدێک لە ماوەی چەند ساڵی هاوکاربوونمان لە ناوەندی سیاسی بە جورئەتەوە باس بکەم ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز بووە کە ئامادەیی هەبوو دوای دیالۆگ، بیروبۆچوونی جیاواز بە مەرجێک کە لە بەرژەوەندی نەتەوە و پرەنسیپە باڵاکانی حیزبەکەیدا بێت قەبوڵ بکات. هەمووی ئەو خەسڵەتانە وایکردبوو وەکوو شۆڕشگێڕێک لایەنگری بیری کراوە و ڕەخنەی دروستکەر بێت و لە بیرکردنەوەی دۆگم و وشک بەدوور بێت و باوەڕی تەواوی بە دۆزەکەی هەبێت. هەر بۆیەش لێکدانەوە سیاسییەکانی چ لە وتارە سیاسییەکانیدا چ لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بیر و هزری ئەو ڕووناکی دەخستە سەر لایەنی جیاوازی باسەکان. شەهید لوقمان لە یەکێک لە وتووێژەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان بە بۆنەی ۷۵ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتدا لە وەڵامی پرسیاری ئایا حیزبی دێموکرات لە ئێستادا لە هاوکێشە سیاسی و ناوچەییەکاندا جێی خۆی کردۆتەوە بەو شێوەیە شیکردنەوەکەی دەخاتە ڕوو کە هەم ڕەخنە و هەمیش بەرگرییەکی بەڵگەمەندی واقعبینانە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر: "بەڵێ بەدڵنیاییەوە. حیزبی دێموکرات لەئاستی ناوخۆییدا هێزێکی جەماوەری و کاریگەری کوردستانە و خاوەن مێژوو و فەلسەفەی خەباتە بۆ قۆناغە جیاوازەکان کە پێیدا تێپەڕیوە. خاوەنی هێزێکی بەرچاوی کۆمەڵگەیە ئەوانیش کادری پێگەیشتووی سیاسی و بەئەزموونن کە هەڵگری پەیام و ئەندێشەکانی سێ ڕێبەری شەهیدی حیزبەکەمان پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندین. بەپێی هەلومەرجێکی نالەبار و ئاڵۆز بەتایبەتی کە کوردستانی باشوور و دەسکەوتەکەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ڕووبەڕووی بۆتەوە، لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا حیزبی دێموکرات ئەگەر ئێستاش بەهەندێک هۆکار نەیهەوێت یان بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بە گشتی وا نەخوازێت، ڕۆڵی سەرەکی تێدا ببینێ بێگومان یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە هەمیشە لەبەرچاو گیراوە. حیزبی دێموکرات هەم لە ناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات تەشکیلاتێکی بەرینی بەبیروباوەڕی هەیە، هەم لە دەرەوەی وڵات (وڵاتانی ئۆرووپایی و ئامریکا) خاوەنی سەرمایەیەکی مرۆییە کە بە بیری سەردەمیانە و زانستییانە پەروەردە بووە و خۆی پێگەیاندووە، هاوکات هێزی پێشمەرگەی کوردستان و قۆناغی نوێی خەباتمان لەژێر ناوی «ڕاسان»دا لە مەتەرێزی خۆڕاگری و بەرگریدا درێژە بە تێکۆشانی ڕێکخراوەیی حیزبەکەمان دەدەین. هەموو ئەوانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە هێزێکی زیندووی خاوەن ڕێباز لە گۆڕەپاندایە و وەک هێزێکی سیاسی نیشتمانی خاوەن پێگە و بڕوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و دۆست و هاوپەیمانیشی نەک لەنێو حیزبەکانی کوردستانیدا بەڵکوو لەنێو پارت و ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و جیهانییەکانیشدا هەیە و لە زۆر کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتی بانگهێشت دەکرێ و پرس و ڕاوێژی لەگەڵ دەکرێ و لە زۆر ناوەندی سیاسی-جیهانیشدا هەوڵی داوە کە دەنگی حەقخوازانەی گەلی کورد بگەیەنێت و پشتیوان بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد پەیدا بکات؛ بۆیە دەتوانین بڵێین کە بەڵێ بەدڵنیاییەوە حیزبی دێموکرات لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا کاریگەری و ڕۆڵی خۆی هەیە و زۆر شوێندانەریشە."

درێژەی هەیە....

## لە دەنگی کوردستانی ئێرانەوە تا تیشک تیڤی

هیوا کوردی

کاتێک هەوڵی ئاشتیخوازانەی حیزبی دێموکرات لەلایەن ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهەوە بە ئاگر و ئاسن وڵام درایەوە، ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان لەلایەن ناوەندگەرای داعشی ویلایەتی فەقیە، بە ئاژاوەگێڕی داندرا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تەواوی وجوودەوە بەرگری لە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان کرد. لە درێژەی ئەم سیاسەتانەدا خومەینیش فتوای داعشیانەی بەدژی خەڵکی کوردستان دا. پاسدارە قەمەکێشەکانیش بە کوردستان وەربوون و خەڵکی کوردستانیان قەڵتوبڕ کرد. هەروها شەڕی نابەرامبەر بە سەر کوردستاندا سەپێندرا. هەرچەند حیزبی دێموکرات هەوڵی ئاشتیخوازانەی وەلا نەنا،هێزی پێشمەرگەش خۆی ڕێکخستەوە و ئازایانە بەرەنگاری ئەم سیاسەتە چەوتانە بوونەوە و خەڵکی کوردستانیش بە تەواوی پشتگیرییان لە هێزی پێشمەرگە کرد و بوونە پشتی جبهە بۆی. ڕێژیم چەندین جینایەتی داعشیانەی لە کوردستاندا بەڕێوە برد. کوشتاری قاڕنێ و قەڵاتان، کوشتاری گوندەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێعدامی لاوانی شارەکانی پاوە و مەهاباد چەند نموونەیەکی بچووک لەم جینایەتە داعش‌سفەتانەی ڕێژیمی ناوەندگەرای خومەینی بوون. جیا لەمانە ڕێژیمی چەواشەکار و درۆزن دەستی کرد بە پڕوپاگەندەی هەڵبەستراو و لە ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و ڕۆژنامە بڵاوی دەکردنەوە. هاوکات ڕێژیمی ئیسلامی ویلایەتی فەقیهی شەڕی ڕاگەیاندنی نابەرامبەری لەگەڵ کوردستان دەست پێکرد. دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات بیری لە دانانی ڕادیۆیەک کردەوە کە دەنگی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەگوێی گەلانی ئێران بگەیێنێ و بەرپەرچی ئەم پڕوپاگەندە درۆیینە بداتەوە. بەو پێیە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە ۲۷ی جۆزەردانی ۱۳۵۹ بە وتارە هیوابەخشەکەی ڕێبەری نەمرمان دەستی پێکرد. لەم وتارە بەناوبانگەدا ڕێبەری شەهید سیاسەتی شەڕخوازانە و دوژمنکارانەی ناوەندگەرای تارانی ڕوون کردەوە و پێداگری لە هەوڵی ئاشتیخوازانە و مافخوازانەی خەڵکی کوردستان کرد. لەگەڵ ئەمەش جەختی لە سەر خەباتی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە کردەوە کە بووە هۆی بزواندنی هەستی شۆڕشگێڕانەی خەڵک. پێچەوانەی درۆ و دەلەسەکانی ڕێژیم کە لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی خۆیەوە بڵاوی دەکردەوە، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ڕاستبێژیی کردە ئوسوول و پرەنسیپی خۆی. کارنامەی ڕاستبێژانەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بە جێگایەک گەیشت کە دوژمن بۆ هەواڵی دروست وەک سەرچاوە کەڵکی وەردەگرت. لە دەیەی شەست زۆر عەمەلیاتی فیداکارانە و شۆڕشگێڕانە بەڕێوەچوون. هێزی زۆری دوژمن دەکوژرا و بەداخەوە پێشمەرگەش شەهید دەبوون. ڕادیۆ دەنگی کوردستان شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی بەدروستی و ڕاستبێژی بڵاو دەکردەوە. کوژراوەکانی ڕێژیمیشی بە ناو و شۆڕت و شوێنی لەدایکبوون بڵاو دەکردەوە. ژمارەی ئەم شەڕانەی زیاد و کەم نەدەکرد. هەوڵێکی تری ڕێژیم هەوڵدان بۆ سووککردنی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردی بوو؛ جگە لەمە دەیهەویست ڕەوابوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەلارێدا ببات، بۆیە جیا لە هەواڵەکانی شەڕ، ڕادیۆ ئاوڕی لە وتاری سیاسی و ڕۆشنبیری دەدایەوە. لە زمان و ئەدەبیاتی کوردی غافڵ نەبوو. بەرنامەکانی ڕادیۆ ببوونە پۆلێک بۆ فێرکردنی زمانی کوردی. زۆر شارەزای بواری زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەیانگوت ئەگەر دەتانهەوێ زمان و ئەدەبیاتی کورد فێر بن،گوێ بدەنە بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. هەروەها ڕادیۆ دەنگی کوردستان ببووە دەنگی خەباتی شۆڕشگێڕانە و مافخوازانەی کۆتایی دەیەی پەنجا و دەیەی شەستی هەتاوی. لەم ئەرکەدا زۆر سەرکەوتوو بوو. گوتاری ئەم خەباتە شۆڕشگێڕانەیەی بە بەڵگەی زانستی و سەردەمیانە دەگواستەوە. سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی لەقاو دەدا. ببووە هاوڕێی ڕاستبێژ و کوردانەی ماڵەکانی خەڵکی کوردستان. خەڵک لە هەر جێگایەک بان ڕادیۆیان لەگەڵ خۆیان دەبرد یا خۆیان دەگەیاندەوە ماڵ بۆ گرتنی ڕادیۆ. بۆیە ڕێژیم بە ڕادیۆ دەنگی کوردستان زۆر حەساس بوو. چەندین پیلانی بۆ کپ کردنی ئەم دەنگە دلێرە وەگەڕ خست بەڵام فیداکاری بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وای کرد کە ڕێژیم لەم پیلانە گڵاوەیدا سەرکەوتوو نەبێ. دەکرێ بڵێین ڕادیۆ ئەرکی دەنگی شۆڕشی مافخوازانە و دێموکراسیخوازانەی خەڵکی کوردستانی لەو سەردەمەدا بەجێ دەگەیاند. هەست و بیری شۆڕشگێڕی لە نێو خەڵکدا زیندوو ڕادەگرت و مێژوویەکی پڕ لە سەروەری لە لاپەڕە زێڕینەکانی دیرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆخۆی تۆمار کرد. بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێران هاتە گۆڕێ، تەلەویزیۆن ڕۆڵی کاریگەرتری لە ڕادیۆ هەبوو. خەڵک زۆرتر بینەری تەلەویزیۆن بوون بۆیە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کەوتە بیری دامەزراندنی تیشک تیوی. خەڵکی کوردستان یەکجار پێی شاد بوون و هەستیان کرد هاوڕێیەکی زیندووتر بە دەنگ و ڕەنگەوە میوانی ماڵەکانیانە. تیشک بووەتە هاوڕێی منداڵەکانیش کە بە ئۆگرییەوە چاوی لێ دەکەن و چێژی لێوەردەگرن و لاسایی ڕێژەی پێشمەرگەی کوردستان دەکەنەوە و سروودی شۆڕشگێڕانە کە لە تیشک بڵاو دەبێتەوە، دووپات دەکەنەوە. لەگەڵ دووبارە دەستپێکردنەوەی بەرنامەکانی تیشک ڕاسانی شاروشاخیش بەردەوامە. زۆر کەس گوتیان تیشک دەنگوڕەنگی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە کە دەڵێین دەنگوڕەنگی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە و جێگرەوەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، ئەرکی زۆر قورس دەبێ بۆیە پێویستیی بە یارمەتی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان هەیە. هەموومان دەبێ تیشک بە هی خۆمان بزانین و هەست بە بەرپرسایەتی بکەین و لە هەر چەشنە یارمەتییەک دریغی نەکەین.

چونکە تیشک بۆتە هێما و شوناسی حیزبی دێموکرات؛ ئەمە ئەرکمان قورستریش دەکات چونکە هێمای حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندییە؛ هێمای حیزبێکە کە زیاتر لە سێ چارەکە سەدەیە بۆ مافی چارەی خونووسینی خەڵکی کوردستان خەبات دەکات و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە سەر مافی خەڵکی کوردستان سوورترە.

تیشک قارەمانەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرانبەر مافیای سپای تێرۆریستی پاسداران و هەروەها پشتیوانی هێزی پێشمەرگە لە خەڵکی کوردستان و خەباتی شار پیشان دەدات. بەو هیوایە سەرکەوتنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە گەیشتن بە قوناغی ڕزگارییە لە تیشک تی‌وی ببیستین و ببینین.

جێگای ئاماژەیە لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا ئینتێرنێت و فەزای مەجازی ڕۆڵی گرینگی هەیە ئەم ڕۆڵەشمان لە بەرچاوە بەڵام تیشک دەنگوڕەنگی هەموو چین وتوێژەکانی کوردستانە.

هەموو چین و توێژەکان چاوی لێ دەکەن و چێژی لێ دەبینن. بە هیوای ئەو ڕۆژە کە تیشک لە کوردستانی ئازاددا خەباتی خۆی بۆ ئامانجە بەرزەکانی حیزبی دێموکرات کە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک و دادپەروەرە درێژە پێ بدات.

# سەرکەوتنێکی گەورە و ئەرکێکی مەزن



**ئەم جارەیان بەپێچەوانەی جارانی پێشوو هاودەنگییەکی بەرچاو بۆ بایکۆت و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لەناو ئۆپۆزیسیۆندا بەدی دەکرا، لە پاش هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان یەکدەنگییەکی بەم چەشنە و ڕێککەوتنێکی بەم بەربڵاوییە لە سەر پرسە سیاسییەکان ڕووی نەدابوو کە زۆرینەی نزیک بە تەواوی هێزە سیاسییەکان لەسەر بابەتێک بەم چەشنە تەبا بن**

**زاگرۆس**

شانۆگەری سێزدەهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و هاوکات بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی شۆرای شار و گوندەکان کۆتایی هات و بەپێی ئامارە دژبەیەکەکانی ڕاگەیەندنەکانی کۆماری ئیسلامی کەمتر لە پەنجا لەسەدی خەڵک لەم بەناو هەڵبژاردنەدا بەشداریان کردووە و بەپێی ڕاپۆرتی خەڵک و ئەو گرتە ویدیۆییانەش بێت کە بڵاو بونەتەوە ڕێژەی بەشداری کەمتر لە ١٠٪ە. ئەگەر ئامارەکانی کۆماری ئیسلامی کە هیچکات ڕاست نەبوون و هەمیشە بە قازانجی خۆی دەستێوەردانی تێدا کردوون بە بنەما وەرگرین زیاتر لە ٥٠٪ی خەڵک بە ئامادەنەبوونیان لە سەر سندوقەکانی دەنگدان ئەوەیان بە کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند کە لەم دەسەڵاتە بێزراون و ڕێژیم بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لای خەڵک ڕەواییان نەماوە. هاوکات بۆ دنیای دەرەوە و ئۆپۆزیسیونیشیان سەلماند کە لە دۆخی هەنووکەییدا خوازیاری ڕووخان و لەناوچوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین.

یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم ئاستە خوارەوەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن بۆ کۆماری ئیسلامی بریتییە لەوەیکە زیاتر لە جاران تووشی قەیرانی ڕەوایی دەکات؛ هەر بۆیە بەم پێیە هەوڵ ئەدات یەکگرتوویی خۆی زیاتر لە هێرەمی سەرەوەی دەسەڵاتدا بپارێزت وهاوکات ئیزن بە سەرهەڵدانی هیچ نارەزایەتییەک نەدات و گریمانەی ئەوە دەکرێت لە ترسی ڕووخانی دەسەڵاتەکەیان لە جاران زیاتر دەس بدەنە قەتڵ و کوشتاری جیابیران و ناڕازیان و کەشێکی سەربازی و ئەمنی بەسەر خەڵکدا بسەپێنن.

لە ئاستی ئێراندا سێ خاڵ، بەشداری نەکردنی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردن لە جاران جیاوازتر دەکات:

یەکەم: یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم خولەی هەڵبژاردن ئەوە بوو کە ڕێژەی بەشداری چینی هەژار و کەمداهات بەبەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکە زۆر دابەزیبوو؛ سەرەڕای ئەوەیکە دیبەیت و بانگەشەکانی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان زیاتر پێداگریان لەسەر دروشمی ئابووری و نەهێشتنی هەژاری دەکرد بەڵام خەڵک و بەتایبەت هەژاران فریوی ئەم چەواشەکارییانەیان نەخوارد. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئیتر بە بەڵێنی پارە، ناکرێ خەڵک ڕاکێشی سەر سندوقەکانی دەنگدان بکرێت.

ئەمە لەکاتێکدایە کە هەر بەپێی ئامارەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە یەک لەسەر سێی حەشیمەتی ئێران لە ژێرەوەی هێڵی هەژاریدا دەژین و بەشدارینەکردنیان لە هەڵبژاردن و نەکەوتنە دوای دروشمی ڕەنگاوڕەنگ و فریوکارانەی پاڵێوراوانیش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە دەسەڵات کە سەردەمانێک خۆی بە نوێنەری نەک هەژارانی ئێران بەڵکوو هەژارانی تەواوی دنیا دادەنا هەنووکە لە نێو هەژارانی وڵاتی خۆیدا لە بێزراوترین کاتی خۆیدایە و ئەمەش وەک دەسکەوتێکی گرینگ بە قازانجی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەکرێ چاوی لێبکەین و هێز و وزەیەکی زۆرە کە ئەگەر بکرێ بە ڕێکخستن و بە پلانی شیاو بۆ دوارۆژ لەئارادا بێت بۆ ڕاکێشانی ئەم چینە، دەبنە دژبەرترین چینی کۆمەڵگای ئێران بۆ دژایەتی و نەهێشتنی ڕێژیم.

دووهەم: یەکێکی دیکە لە جیاوازییەکانی ئەم خولەی هەڵبژاردن گۆڕینی خەڵکی ناڕازی بوو بۆ دژبەری کۆماری ئیسلامی، بەو واتایەی ئەو کەسانەی کە نەچوونە سەر سندوقەکانی ڕێژیم خوازیاری گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا نین بەڵکوو خوازیاری لەنێوچوون و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدان، هەر بۆیە هەرچەند پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەوڵیان دا خۆیان جیاواز پیشان بدەن بەڵام زۆرینەی ڕەهای خەڵک پێداگرییان لەسەر ئەوە کردەوە کە خوازیاری لەناوچوونی کۆماری ئیسلامین بە هەموو دەستەو تاقمەکانییەوە.

سێهەم: ئەم جارەیان بەپێچەوانەی جارانی پێشوو هاودەنگییەکی بەرچاو بۆ بایکۆت و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لەناو ئۆپۆزیسیۆندا بەدی دەکرا، لە پاش هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان یەکدەنگییەکی بەم چەشنە و ڕێککەوتنێکی بەم بەربڵاوییە لە سەر پرسە سیاسییەکان ڕووی نەدابوو کە زۆرینەی نزیک بە تەواوی هێزە سیاسییەکان لەسەر بابەتێک بەم چەشنە تەبا بن.

ڕاستە لە مێژووی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا و هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە ڕەواییەکی ئەوتۆی نەبووە و زۆربەی کات تەنیا بە زەبروزەنگ و سەرکوت دەسەڵاتی خۆی ڕاگرتووە و ئەم دیاردە بەتایبەتیتر لە کوردستان بەزەقی دەبیندرێ بەڵام هەندێ کاتیش ئەم نەبوونی ڕەوایی و کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵاتە بە فریو و چەواشە و بەلاڕێدابردنی خەڵک هێندێک کەم کراوەتەوە؛ بۆ نموونە لە ساڵی ٧٦دا و بە شانۆی ڕێفۆرمخوازی تاڕادەیەکی باش توانیان بەسەر ئەم قەیرانی نەبوونی ڕەواییەدا زاڵ بن، کە بەداخەوە ئەم توانایە لە کۆماری ئیسلامیدا بۆ دوارۆژ و بۆ خولەکانی دیکەی هەڵبژاردن هەنووکەش بەدی دەکرێت.

ئەوەی دەتوانێ لە داهاتوودا ڕەنگی ئەم سەرکەوتنە بە تێپەڕینی کات کاڵ بکاتەوە و مەترسی دووپاتبوونەوەی درۆی ڕێفۆرم زیندوو بکاتەوە دوو شتە یەک: کەمتوانایی ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕێکخستنی خەڵک

دووهەم: ڕازیبوون بەم قۆناغە و نەبوونی پلان بۆ داهاتووی ئەم سەرکەوتنە و ڕزگاری یەکجاری و لەنێوبردنی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا.

لەڕاستیدا تا هەنووکەش ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەگشتی و بەتایبەت ئۆپۆزسیونی ناوەندگەرا لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیدا ئەوەی کردوویانە زیاتر دژکردەوە بووە، نەک کردەوە بەو واتایە کە زیاتر لە دۆخی چاوەڕوانیدا بەسەر دەبەن و ئەوەشی دەیکەن دژکردەوە بووە بەرانبەر کردارەکانی کۆماری ئیسلامی.

هەربۆیە مەترسی دیسان خولقاندنەوەی سیناریۆیەکی دیکە وەک سیناریۆی ڕیفۆرمخوازی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تا کاتێک کە هێزە دژبەرەکان خاوەن چالاکی هەمەڕەهەند و بەربڵاو نەبن هەر بەدی دەکرێت.

ئەم مەترسی و دەسکەوتانە پاش هەڵبژاردن لە ئاخی داگیرکراوی ئێمەش بەرچاو دەکەوێ بە هەندێ جیاوازییەوە؛ هەرچەند خەبات لە کوردستان پاش ڕاسان تاڕادەیەکی زۆر ڕێکخراوەتر لە جاران خەریکە بەرەوپێش دەچێت و ئامادەبوونی هێزی شاخ گڕوتینێکی زیاتری بە خەبات داوە، ئەگەریش سەیر بکەین کەمترین ڕێژەی بەشداربوون لە ئێران و کوردستان لەو ناوچانە بووە کە خەباتی شاخ و شار بەرادەیەکی زیاتر توانیویانە دەسلەملانی یەکتر بن و زیاتر چالاک بن .

هەربۆیە ئێمە دەبێت بۆ پێشگرتن بە پلانی دیسانەوەی فریو و کڕینەوەی کات بۆ ڕەواییەکی هەرچەند ڕێژەییش بێت لە نێو خەڵکدا بۆ کۆماری ئیسلامی، ئامادەیی زیاتری شاخ لە هەموو پانتایی زاگرۆس، ڕێکخستنی بەربڵاوتر و ڕێکوپێکتر و پەلکێشان بۆ گشت پانتایی زاگرۆس و خۆبەهێزکردن و خولقاندنی دۆخی شۆڕش بکەینە سەرباشقەی خەباتمان و هەر لەم پێناوەشدا کوردستان و ڕاسان وەک پێشەنگی خەبات دەبێ لە پێشتریش زیاتر خۆیان لە دۆخی چاوەڕوانی ڕزگار بکەن و ببنەوە سەرچاوەی چالاکی دژ بە کۆماری ئیسلامی و چۆکداهێنان بەم دەسەڵاتە خوێنڕێژە .

ئەمە ئەو ئەرکە مەزنەیە کە پاش سەرکەوتن لە بایکۆتی هەڵبژاردندا کەوتووەتە ئەستۆی گشت ڕاسانیان و تێکۆشەرانی ڕزگاری لە کۆلۆنیالیزمی تاران.

**ئێمە دەبێت بۆ پێشگرتن بە پلانی دیسانەوەی فریو و کڕینەوەی کات بۆ ڕەواییەکی هەرچەند ڕێژەییش بێت لە نێو خەڵکدا بۆ کۆماری ئیسلامی، ئامادەیی زیاتری شاخ لە هەموو پانتایی زاگرۆس، ڕێکخستنی بەربڵاوتر و ڕێکوپێکتر و پەلکێشان بۆ گشت پانتایی زاگرۆس و خۆبەهێزکردن و خولقاندنی دۆخی شۆڕش بکەینە سەرباشقەی خەباتمان و هەر لەم پێناوەشدا کوردستان و ڕاسان وەک پێشەنگی خەبات دەبێ لە پێشتریش زیاتر خۆیان لە دۆخی چاوەڕوانی ڕزگار بکەن و ببنەوە سەرچاوەی چالاکی دژ بە کۆماری ئیسلامی و چۆکداهێنان بەم دەسەڵاتە خوێنڕێژە**

## ویستگە

## بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و دۆخی ژنان



**نووسین: هێمۆ**

پاش تێپەڕینی ماوەیەک لە پڕوپاگەندە بەربڵاوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەشداری پێکردنی خەڵکانی ئێران لە شانۆی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و هەروەها هەڵبژاردنەکانی شار و گوندەکان، لە ڕۆژی ٢٨ی جۆزەردداندا، ئەم شانۆگەرییەش بەڕێوەچوو.

سەرەڕای ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا بە بەربڵاوی هەوڵی دا پڕوپاگەندە بۆ ئەم پڕۆسە نادێموکراتیکەی بکات، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە، ڕێژەی بەشداربوونی خەڵکانی ئێران لەم شانۆیەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە چاو ساڵانی ڕابردوو، دابەزینی بەخۆیەوە بینیبوو.

بەپێی ئەو ئامارەی کە لەلایەن خودی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاوکراوەتەوە، ڕێژەی بەشداریی خەڵکانی ئێران لە خولی سێزدەهەمی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا، گەیشتووەتە ٤٨ لەسەد، ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەم ڕێژەیە لە خولی دوازدەیەمدا، ٧٣ لەسەد بووە.

وردبوونەوە لەم ئامارە نیشان دەدات کە تا چ ئاستێک کۆماری ئیسلامی ڕەوایی خۆی لە دەست داوە و چیدیکە خەڵک متمانە بە هیچ کاندیدێکی ئەم ڕێژیمە بۆ بەڕێوەبەریی وڵات ناکەن. ئەمە جیا لەو بابەتەشە کە ئەم ڕێژە ٤٨ لەسەدییەش یان کەسانێکی سەر بە خودی ڕێژیم بوون یان کەسانێک بوون کە کەوتنە داوی هاوکاتبوونی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و هەڵبژاردنەکانی شۆرای شار و گوندەکان کە زۆربەیان پاش ئەوەی کە بۆ ڕێژیم دەرکەوت کە بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا ناکەن و تەنیا لە بەر پێوەندیی خزمایەتیش هاتوونەتە سەر سندووقی دەنگدان بە شۆرای شار و گوندەکان، لەلایەن ڕێژیمەوە ناچار کران کە دەنگ بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریش بدەن.


بایکۆتی هەڵبژاردنەکان سەرکەوت و ئەمە «نا»یەکی ئێجگار قورس و گرینگ بوو کە لەلایەن سەرجەم خەڵکانی ئێرانەوە بە کۆماری ئیسلامی وترا. بەڵام بابەتێکی گرینگ کە هەیە ئەوەیە کە لە پڕۆسەی ئەم بایکۆتەدا، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا پشکیان هەبوو، تاک بە تاکی کۆمەڵگا خۆیان بە بەرپرسیار زانی و لەم بایکۆتەدا ڕۆڵیان گێڕا، بۆیە نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە ژنانیش وەکوو توێژێکی دیاری کۆمەڵگا لەم پرسەدا ڕۆڵی گرینگ و بەرچاویان گێڕا. پێش لە بەڕێوەچوونی شانۆی هەڵبژاردنەکان، بەربژێرەکانی سەرکۆماری، بە چەندین جۆر وادە و بەڵێنیی درۆ و پڕ لە چەواشەکارییان بە ژنان دا،هەندێک ژن کە مۆرەی خودی کۆماری ئیسلامی بوون، بوون بە کەرەستەیەک بۆ گەرمکردنی بازاڕی پڕوپاگەندەکانی کۆماری ئیسلامی و هەوڵیان دا کە ژنان بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بەڵام بەخوشحاڵییەوە ژنانی تێگەیشتوو و چاوکراوەی ئێران و کوردستان بە تێگەیشتن لەوەی کە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا هیچکات هیچ مافێک بۆ ئەوان بە فەرمی نەناسراوە و کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ ڕەواییدان بە شانۆگەرییەکەی و تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا باس لە مافەکانی ژنان دەکات، ئەویش بە مۆدێلی موحسین ڕەزایی کە دەیهەویست مووچە بۆ ژنانی ماڵدار ببڕێتەوە! ئەمجارە یەکدەنگ و یەکهەڵوێست «نا» یان بە کۆماری ئیسلامی وت. دیارە ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بەگشتی بۆ خەڵکانی ئێران بوو و بەدڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی و خەڵکانی ئێرانیش لە داهاتوودا دەچنە فازێکی نوێوە، بۆیە دەبێ چاوەڕوان بکرێت کە هەم خەڵک ڕادیکاڵتر لە جاران لە بەرەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستن و هەم کۆماری ئیسلامیش فازێکی دیکە لە شێوازێکی سەرکوت و نەهامەتی بۆ خەڵکانی ئێران بگرێتە بەر، ئێستاش بە هاتنە سەرکاری ڕەئیسی وەک سەرکۆماریی نوێی ڕێژیم ئەم ئەگەرە زۆر زیاتر لە جارانە. ئیبراهیم ڕەئیسی کە لە دەوڵەتی ڕووحانیدا وەکوو بەرپرسی هێزی بەناو دادوەریی ڕێژیم دیاری کرابوو، یەکێک لە ئاخوندەکانی ڕێژیمە کە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا، ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە سەرکوت، ئەشکەنجە و تەنانەت کوشتنی دژبەرانی ڕێژیم و بەتایبەتیش لاوان و ژناندا هەبووە.

یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی مەرگ لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویدا بووە و تەنیا لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا، لە سەرکوتی زیاتر لە ٤٠٠ ژندا، ڕۆڵی هەبووە. لە ماوەی بەرپرسایەتیی ئەم ئاخوندەی ڕێژیمدا وەکوو بەرپرسی هێزی بەناو دادوەریی ڕێژیم، لانیکەم ٣٦ ژن ئەشکەنجە کراون و ئازار دراون. لانیکەم ٦ ژن، لە چالاکانی ژینگەپارێزی، چالاکانی مەدەنی، چالاکانی فەرهەنگی و دەسبەسەرکراوانی خەزەڵوەری ٩٨، لەژێر ئەشکەنجەدا تووشی دانپێدانانی زۆرەملێ کراون. لە ماوەی تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، لانیکەم ٧٦ ژنی زیندانی تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون و لە پێڕاگەیشتنی پێویست بێبەری بوون. ئەمانە تەنیا چەندین نموونە لە خوێنمژیی ئەم ئاخوندەی ڕێژیم بەرانبەر بە ژنانە، ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە ئێستا بە هاتنە سەرکاری ئەم ئاخوندە، وەکوو سەرکۆمار، دۆخی ژنان چی بە سەر دێت؟ ئایا دەبێ چاوەڕوان بکەین کە دۆخی ژنان لەوەی کە هەیە خراپتر بێت؟ ژنان لەم فازە نوێیە لە خەباتی خۆیان بە دژی چەوساندەوە و هەڵاواردنەکان دەبێ چی بکەن؟ ئایا ئەبێ چاوەڕوانی سەرکوتی زیاتر بن یان نا؟

بەدڵنیاییەوە هاتنە سەرکاری ئاخوندێکی خوێنمژی وەکوو ڕەئیسی، دەبێتە هۆی خراپتربوونی دۆخی ژنان لە ئێران و کوردستانیشدا، بەڵام ئیرادەی لەشکاننەهاتووی ژنان و باوەڕیان بە دیاریکردنی چارەنووس و ڕێڕەوی هزریی خۆیان دەتوانێ باشترین هێز بۆ دژایەتی و پێبەندبوون بە خواستەکانیان بێت، ڕەنگە تێچووی زۆریشی هەبێت بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانەیە کە ئامادەن نرخ بدەن.

# جەعبەی جادوویی لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا

سمایل شەریفی



ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کایەیەکی زیرەکانەدا کە لە ڕەوتی بەربەرین و خەست و قورسی بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمی و حکوومەتیدا بەڕێوەی دەبات، جێگای ئاکسیۆنەکان و جێگای ئەکتەرەکان، پێکەوە دەگۆڕێتەوە؛ واتە ناهەڵبژاردن بە هەڵبژاردن لە قەڵەم دەدرێ، ئەوەی نایهەوێ بچێتە نێو کایەی ساویلکانەی ناهەڵبژاردنەوە، بە کەسێکی «دژی هەڵبژاردن» دەناسێندرێ و ئەوەی بە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتێکی یەکجار گەورەی حکوومەتی، لە پرۆژەیەکی زۆر ئاڵۆز و خەرجهەڵگر و موهەندیسیکراودا دیهەوێ سەلیقەی چەند کەسێک یان تەنانەت سەلیقەی تاکێک وەکوو سەلیقەی زۆرینەی دەنگدەران بناسێنێ، بە برەوپێدەری بەهاکانی دێموکراسی دەناسێندرێ. ئینجا لە شەڕی نێوان دێموکرات و نادێموکراتدا کێ هەیە لای کابرای نادێموکرات بگرێ و بە دەنگییەوە بچێ؟

لەم بارەیەدا بیستوومانە و خوێندوومانەتەوە کە هەندێک کەس باسی ئەوە دەکەن کە لە هیچ وڵاتێکدا هەڵبژاردنی سەداسەد ئازاد و دێموکرات بەڕێوەناچێ و هەمیشە هەندێک تەگەرەی خوازراو و نەخوازراو دەبن بە لەمپەری سەر ڕێگای هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک و هەتا ڕادەیەک چەتی تێ دەخەن؛ کەوابوو ناکرێ ئەو چاوەڕوانییەی لە هیچ سیستمێکی سیاسدا وەدی نایە لە کۆماری ئیسلامی داوا بکرێ! ئەوانە پێیان وایە دیوێکی دیکەی «نادێموکراتیکبوونی ڕێژەیی» بریتییە لە «دێموکراتیکبوونی ڕێژەیی» و هەر بە هۆی دێموکراتیکبوونە ڕێژەییەکەوە، دەبێ هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیش بە ڕەسمی بناسرێن!

لەڕاستیدا لێرە هەر لە بنەڕەتدا باسی ئاستی دێموکراتیکبوونی هەڵبژاردن لەگۆڕێدا نییە کە جاری وایە ڕەنگە بەرز ببێتەوە و جاری واشە نەختێک نزم ببێتەوە، بەڵکوو باسی ئەوەیە کە ئایا سیستمەکە خۆی بە شوێنکەوتەی هەڵبژاردن دەزانێ یان هەڵبژاردن بە شوێنکەوتەی خۆی دەزانێ؟

هەر لە بنەڕەتدا باسی جیاوازیی نێوان «هەڵبژاردن» و «هەڵنەبژاردن» لە گۆڕێدایە؛ باسی ئەوە لە گۆڕێدایە کە ڕێژیم بە بێ ئەوەی هیچ کام لە باجەکانی هەڵبژاردن بدات، لە هەموو دەرفەتەکانی کەڵک وەردەگرێ و کەسانێکیش بە ئاگاداری یان بە نائاگادارییەوە لەم گزییە گەورەیەدا دەبن بە هاریکاری و بێ بەرات و خەڵات دەبنە پیادەنیزامی دەزگای حاکم و پێشی دەکەون و بۆی هەڵدەسووڕێن!

باسەکە ئەوەیە کە هەڵبژاردن بۆ ڕێژیم هەندێک باجی هەیە و هەندێک قازانجیشی هەیە. باجی هەڵبژاردن بۆ ڕێژیم ئەوەیە کە دەبێ مل بۆ ئیرادەی خەڵک لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتدا ڕابکێشێ، قازانجەکەشی ئەوەیە کە ئاستی شەرعیەت و ڕادەی مەقبوولییەتی خۆی پێ دەباتە سەر. باسەکە لەوەدایە کە ڕێژیمی ئێران بەتایبەتی دوای شکستپێهێنانی ڕەوتی ڕیفۆرمخواز و بە داهێنانی پرۆژەیەکی گزیکارانەی یەکجار ئاڵۆز و بەربڵاو بە ناوی «موهەندیسی ئینتخابات» دەیهەوێ بە بێ ئەوەی باجی هەڵبژاردن بۆ خەڵک ببژێرێ، لە هەموو قازانجەکانی هەڵبژاردن بەهرەمەند بێ.

لە پێناسەی دێموکراسیدا گوتوویانە دێموکراسی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و یاسا و ڕێسای «دیار» بۆ گەیشتن بە هەندێک ئەنجامی «نادیار». لە سیستمی دێموکراتیکدا ئەنجامی مێکانیزمێکی دیاری وەک هەڵبژاردن هەرچەندەی نادیار و پێشبینی نەکراویش بێ، سیستمەکە قەبووڵی دەکات و خۆی لێ لانادا بەڵام یاسا و ڕێساکان دیارن و هیچ هێزێکی سیاسی بۆی نییە بە قازانجی خۆی، خۆی لەم یاسا و ڕێسایانە بدزێتەوە یان خۆی تێ هەڵبقورتێنێ. تازەترین نموونە لە ملڕاکێشان بۆ ئەنجامێکی نادیاری ئەوتۆ کە لەئاکامی بەڕێوەبردنی هەندێک ڕێوشوێن و مێکانیزمی دیار و شەفاف ڕووی دا، ڕاپرسی بریتانیا بۆ مانەوە یان دەرکەوتن لە یەکیەتی ئورووپا بوو. کاتێک خەڵکی بریتانیا بەپێچەوانەی ویستی سیستمی زاڵ، بڕیاری چوونەدەر لە یەکیەتی ئورووپایان دا، حکوومەت ملی بۆ داخوازی زۆرینەی خەڵک ڕاکێشا و ئەگەرچی دەنگدانەکە بۆ گۆڕین یان نەگۆڕینی حکوومەت نەبوو، بەڵام لە ئەنجامی ئەم دەنگدانەدا حکوومەتیش لاچوو و حکوومەتێکی نوێ هاتە سەرکار.

هەڵبژاردن لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە؛ واتە لەجیاتی ئەوەی هەڵبژاردن بریتی بێ لە مێکانیزمێکی دیار و تەوافوق لەسەرکراو بۆ گەیشتن بە هەندێک ئەنجامی لەپێشدا نادیار کە ئیرادەی خەڵک دواجار دەیخوازێ، هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا بریتییە لە بەکارهێنانی هەر مێکانیزمێکی نادیار بۆ گەیشتن بە هەندێک ئەنجامی دیار. ئەم مێکانیزمە نادیارانە ڕەنگە ڕەدی سەلاحیەتی کاندیداکان لە پێش دەنگداندا بێ، ڕەنگە تەئیدنەکردنیان دوای دەنگهێنانەوە بێ! ڕەنگە دەستێوەردانی سندووقەکان لە کاتی دەنگدان بێ!! هیچ کام لەم دەرەتانانە لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا دەستیان لێ نەپارێزراوە و زۆر ڕێوشوێن و دەرەتانی نادیاری دیکەش لەگۆڕێدا هەن کە هەر لە درێژەی تەمەنی ڕێژیمدا دەکرێ بەرەبەرە بناسرێن و لە جەعبەی جادووی «هەڵبژاردنی» کۆماری ئیسلامییەوە بێنە دەر. هەموو ئەو ڕێوشوێنە نادیار و سەیروسەمەرانە لەبەر ئەوە لەکار دەکرێن کە ئەنجامی هەڵبژاردن بگاتە ئەوەی بۆ نموونە ناوی کەسێک لە سندووق بێتە دەر کە پێشتر لە نێو تەشکیلاتی ڕێبەریدا لەسەری ساغ بوونەتەوە.

**هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا بریتییە لە بەکارهێنانی هەر مێکانیزمێکی نادیار بۆ گەیشتن بە هەندێک ئەنجامی دیار. ئەم مێکانیزمە نادیارانە ڕەنگە ڕەدی سەلاحیەتی کاندیداکان لە پێش دەنگداندا بێ، ڕەنگە تەئیدنەکردنیان دوای دەنگهێنانەوە بێ! ڕەنگە دەستێوەردانی سندووقەکان لە کاتی دەنگدان بێ!! هیچ کام لەم دەرەتانانە لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا دەستیان لێ نەپارێزراوە و زۆر ڕێوشوێن و دەرەتانی نادیاری دیکەش لەگۆڕێدا هەن کە هەر لە درێژەی تەمەنی ڕێژیمدا دەکرێ بەرەبەرە بناسرێن و لە جەعبەی جادووی «هەڵبژاردنی» کۆماری ئیسلامییەوە بێنە دەر**

---

# سەرکەوتنی بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری

## (هۆکارەکان و لێکەوتەکان)

شاهۆ حوسێنی

خولی سێزدەهەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران لەکاتێکدا ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٨ جۆزەردان بەڕێوە چوو کە ئەم هەڵبژاردنە لەژێر کارتێکەری دیاردەگەلێکی ناوخۆیی و دەرەکی بەهێزدا بوو، گرینگترین دیاردە ناوخۆییەکان شکستی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری دەوڵەتی حەسەنی ڕوحانی بوو. گریگنترین دیاردەی شکستی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی حەسەنی ڕوحانی کە بە دەنگی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هیوای چاکسازی، کراوەیی، وەگەڕخستنەوەی ئەسڵە پشتگوێخراوەکانی یاسای بنەڕەتی لەمەڕ کەمینەکان (وەک لانیکەمترین خواست) بووژاندنەوەی ئابووری و پێشگرتن لە پەرە و هەڕەشەکانی بناژۆخوازی گەیشتبووە کاخی پاستۆر، ئەو کاتە بوو کە کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە شەقامەکانی ئێراندا درانە بەر دەسترێژی گوولـە و بە لانیکەم ١٥٠٠ کەس لاو، ژن، مێرمنداڵ و بەساڵاچوو سینگیان گوللەئاژن کرا، هەر ئەو خەڵکەی کە بەشێکیان دەنگیان دابوو بە حەسەنی ڕ وحانی وەک بەناو ڕیفۆرمخواز، بەهیوای ڕیفۆرم و چاکسازی. دزێوترین شکەستی تری کۆمەڵایەتی دەوڵەتی حەسەنی ڕوحانی پێکرانی تیرۆریستانەی فرۆکەیەکی مەدەنی ئۆکراینی بوو لە ئاسمانی تاران، لە وەها دۆخێکدا کە بنەماڵەی قوربانیانی ئەم کردەوە تیرۆریستییە چاوەڕێی وەڵامێکی سەرڕاست و عەداڵەت بوون، فایلێکی دەنگی جەواد زەریف بڵاو بوویەوە کە لەودا گلەیی کردبوو، سوپای پاسداران درەنگی ئەوان ئاگادار کردۆتەوە بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک و دێزە بەدەرخۆنەکردنی ئەو جینایەتە.

لە تەنیشت ئەوانە دادزینی پارەی خەڵکی هەژار لە بورس، سندووقەکانی پاشەکەوتی خاوەن مۆڵەت لە بانکی ناوەندی و نارەزایەتیی بەربڵاوی مامۆستایان، کرێکاران و... کە هیچکات وڵامێکی ئەرێنیان وەرنەگرتەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە تەمەنی گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و فەحشا گەیشتە ژێر پازدە ساڵ و تەڵاق و داڕمانی بنەماڵەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادتر پەرەی ئەستاند.

کوژرانی کۆڵبەرانی کورد و سووتەمەنیبەرانی بەلووچ کە لەبەر هەژاری و نەداری ڕوویان لە شاخ و کێوەکان و بیابانە مەرگاوییەکان کردبوو، نەتەنیا کەم نەبوویەوە کە پەرەی ئەستاند.

گرینگترین دیاردەی شکستی سیاسی ئەو کاتە بوو کە دەوڵەتی حەسەنی ڕوحانی بەهیچ کام لە خواستە سیاسییەکانی کەمینە نەتەوەییەکان و ئاییینییەکانی ئێران وڵامی نەدایەوە و نەیتوانی تەنانەت یەک بەڵێنیش بەرێتە سەر و نەتەنیا ئەهوەنی بۆ چالاکانی مەدەنی و سیاسی دابین نەکرد کە بە دەیان چالاکی سیاسی، مەدەنی و ڕۆژنامەنووس لە کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و بەشەکانی تری ئێران ئێعدام و ڕاپێچی گرتووخانەکان کران. گرینگترین دیاردەی شکستی ئابووری ئەوە بوو کە هەرچی داهات و دەرواى هەناردەکردن بوو، لەجیاتی ئەوەیکە بێتە سەر سفرەی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار، بوو بە مووشک و گوولله و چەک و تەقەمەنی و خرایە گیرفانی ڕێکخراوە تێرۆریستییە نیابەتییەکان لە عێراق، لوبنان، غەزە و یەمەن بۆ پەرەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و سفرەی خەڵکی ڕۆژ بە ڕۆژ بەتاڵتر بوویەوە، بەجۆرێ کە پەنجا لەسەدی خەڵکانی ئێران ئەمڕۆکە لەژێر هێڵی هەژاریدان. ئەم ڕەوتە کۆمەڵانی خەڵکی لە بەناو ڕیفۆرمخوازەکان دابڕاند و شوناسی ڕاستەقینەی ئەوانی ئاشکرا کرد و دەشێ بگوترێ کە دەسەڵاتی ڕوحانی کۆتایی تەمەنی سیاسی ئەو ڕەوتە بوو کە نەک وەک ڕیفۆرمخواز بۆ ڕیفۆرم لە دیاردە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و حکوومییەکان کە بۆ پینەوپەڕۆکردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو دەسەڵاتە پاوانخواز و دیکتاتۆرە لە ئاسۆی سیاسی ئێران دەرکەوتن، لە تەنیشت ئەو دابڕانە، کۆمەڵانی خەڵک هیچکات متمانەیان بە باڵی بناژۆخواز نەبوو، بۆیەش لە ڕێی شۆرای نیگابان و بە دزینی ئاشکرای دەنگی خەڵک لە ساڵی ٨٤ و کوشتن و گرتنی خەڵکی دەنگدزراو لە ساڵی ٨٨ بناژۆخوازەکان گەیشتنە دەسەڵات.

خولی سێزدەهەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەشێ وەک درێژەی وەرچەرخانی گەورەی کۆمەڵانی خەڵک چاوی لێ بکرێت، بەجۆرێ کە لەپاش هەڵبژاردنی خولی یازدەهەمی پارلمانی ئێران کە ڕێژەی دەنگ بە نزمترین ئاست گەیشت، لەم خولەشدا بەپێی ئاماری فەرمی وەزارەتی ناوخۆی ئێران ڕێژەی بەشداری ژێر پەنجا (٤٨،٨) بوو( دیارە بەپێی بەدواداچوونی مەیدانی دەرکەوتووە کە ئەم ڕێژە ئامارسازی بۆ کراوە، ئەگینا ڕێژەکە نەگەیوەتە تەنانەت لە سەدا چلیش). لە تەنیشت ئەم دابەزینە بەربڵاوە، ڕێژەی دەنگی باتڵی ئەم خولە کە گەیوەتە نزیک چوار میلیۆن دەنگ، واتە دەنگی باتڵ دووهەم هاتۆتەوە. ئەمە نیشان دەدات کە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵانی خەڵک لەژێر هەڕشە و مەترسیدا چوونەتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەم لێکەوتە گرینگە بە مانای تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵک لە ماهییەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێراندایە کە لە جۆزەردانی ٧٦ ڕا بە کایەی ڕیفۆرمخواز - بناژۆخواز کۆمەڵانی خەڵکی وەک کەرەستە بە خزمەت گرتووە، لەڕاستیدا لەپاش پاییزی خوێناوی ٩٨ و دەرکەوتنی دروشمی» ڕیفۆرمخواز ئوسولگەرا ئیتر تەواوە ماجەرا»، کۆمەڵانی خەڵک ئەو کایەی دەسەڵاتیان شڵەقاند و لە بەرکارەوە بوونە بکەر! ئەمە دەکرێ وەک دەستپێک و فۆنداسیۆنی دەرکەوتنی بەربەرەکانێی جیددیی کۆمەڵانی خەڵک پێناسە بکرێت، ڕەوتێک کە بە درووشم و نارەزایەتی دەربڕین دەستی پێکرد و بە بایکۆت و شەرعییەت سڕینەوە درێژەی پەیدا کرد. ئێستا دەشێ بگوترێ کە کۆمەڵانی خەڵک و ئۆپۆزسیون گەویشتوونەتە ڕاستییەک و یەکگرتووبوون لە هەڵوێستێکدا بە دژ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەگەر ئۆپۆزسیون بتوانێ یەکگرتوو بێت و کۆمەڵانی خەڵکی یەکگرتوو لانیکەم لە هەڵوێستێکدا لێک پەرتەوازە نەکات، دەکرێ لەسەر حەرەکەتی شەمەندەفەری تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی حیساب بکرێت.

ئێستا تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵک و هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵک هاوتەریب لەگەڵ ئۆپۆزسیون جێی گرتووە، ئەگەر ئەم لێک نزیکبوونەوەیە بەهێز بکرێت و گشتگیر بکرێت، بێگومان زۆر بەهێز پایەکانی لەرزۆکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تێکدەڕمێنێت، هێزە سیاسییەکان پێویستە بە وشیاری و بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە بکەن، چما کۆمەڵانی خەڵک لە ئۆپۆزسیون بێهیوا بن، هەموو ئەو پوتانسییەلە لەنێو دەچێت و تووشی داڕمان دەبێت.

**تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵک و هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵک هاوتەریب لەگەڵ ئۆپۆزسیون جێی گرتووە، ئەگەر ئەم لێک نزیکبوونەوەیە بەهێز بکرێت و گشتگیر بکرێت، بێگومان زۆر بەهێز پایەکانی لەرزۆکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تێکدەڕمێنێت، هێزە سیاسییەکان پێویستە بە وشیاری و بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە بکەن، چما کۆمەڵانی خەڵک لە ئۆپۆزسیون بێهیوا بن، هەموو ئەو پوتانسییەلە لەنێو دەچێت و تووشی داڕمان دەبێت**

# قەیرانێکی نوێ لە ئێران بە ناوی ئاخوند ڕەئیسی



حەسەن ساڵحزادە

بە باوەڕی زۆربەی چاودێرانی سیاسی، لە ئێستادا چەندین قەیرانی هاودەم لە وڵاتی ئێران لەئارادان کە چارەسەریی یان بەردەوامبوونیان ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە مانەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێرانەوە هەیە. ئەگەرچی سەرەتا شیمانەی ئەوە دەکرا کە ڕەنگە سێزدەهەمین شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ئێران ببێتە دەرفەتێک بۆ چارەسەریی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و زەمینەیەکی بە نیسبەت گونجاو بۆ باس و خواستی گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بڕەخسێ، بەجۆرێک کە لەودا بکرێ هەنگاوێکی هەرچەند بچووکیش بێ بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی هەڵە یەک لە دوای یەکە مێژووییەکانیان هەڵبێننەوە. کەچی بەپێچەوانە، وەک دیتمان حاکمانی سەرەڕۆی دەسەڵات، تینووتر لە هەمیشە تێکڕای جومگەکانی کۆمەڵگەیان داگیرکرد و ڕێگەیان بۆ هەرچی زیاتر قووڵبوونەوەی قەیرانەکان خۆش کرد. تەنانەت ئەگەر سەردەمێک شایی هاتنە سەرکاری دەوڵەتی بەڕێز «بایدن»یان بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ گرێبەستی ناوکی دەکرد، بە کاناڵیزەکردنی ئەم پیلانە ئەو دەرفەتەشیان لە کیس چوو، ئەوەش بە مانای ئەویە کە پرسی مانەوەی تاقمی دەسەڵاتدار لە سەر تۆپکی هەموو پرسە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و ئێرانەوەیە.

ئەگەر قامک نەخەینە سەر ئەو کێشە ژێئۆپۆلیتیک و ستراتێژیکە پێچاوپێچە ناوچەیی و جیهانییانەی کە قەوارەی نیزامیان لەگەڵ کێشەوملەی هەرەمەزن ڕووبەڕوو کردۆتەوە، هەنووکە لە ناوخۆی ئێراندا قەیرانگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و شوناس نەتەنیا هەموو لقوپۆکانی دەسەڵاتیان گرتۆتەوە بەڵکوو شەبەنگی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتەشیان بە هەموو جیاوازییەکانەوە لە خشتە بردووە. مۆدێلی ساختاری دەسەڵاتی ئەمڕۆی ئێران پێناسەیەکی ڕوونی نییە، زانستی سیاسەت بەگشتی چۆتە ژێر پرسیار و ئەوەی لە ئاکاروکرداری دەسەڵاتداران دەبیندرێ بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ویستی ڕاستەقینەی گەلانی فرەچەشنی ئێران یەک ناگرێتەوە. ئابووریی ئێران بەگشتی داڕماوە و مەودای نرخی ڕیاڵ لەگەڵ ئەرزە دەرەکییەکان بە ڕادەیەک دوورە کە چاوی ئەندێشە هەتەری لێ‌ناکا. کۆمەڵگەی ئێران بە دەست قەیرانی سیاسی، ئابووری و پرسی بەڕێوەبەرییەوە دەناڵێنێ، کەچی خەم و گرفتی جیددی ئەمڕۆی دەسەڵاتداران لەوەدا خۆدەنوێنێ کە «ئاخۆم کوڕی خامنەیی چۆن بتوانێ جێگەی باوکی بگرێتەوە؟ یاسای بنەڕەتی ئێران سەرەڕای کەموکووڕییە بەرچاوەکانی، هەتا دێ زیاتر بەرەو ئاراستەی قازانجی ڕێبەری ویلایەت، واتە شەخسی خامنەیی گۆڕانکاری بەسەردا دێ و لێکدانەوەی چەوتی بۆ دەکرێ.

دەرەنجامی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان لە ساختاری دەسەڵاتەوە بۆ پانتایی کۆمەڵگە داکشاون و باسی نێو بنەماڵەکان، بە تایبەت لە نێو توێژی هەژارو نەدار لە چۆنایەتی پرسی مەمرەبژیدا قەتیس ماوەتەوە. فەسادی ئەخلاقی، لەشفرۆشی، کڕین و فرۆشتنی دەنگەکان، فرۆشتنی ئەندامەکانی لەش، دزی و دەیان دیاردەی ناحەزی دیکە، شوێنەواری ڕاستەوخۆیان لە سەر کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی داناوە و خەڵکی ئێرانی لە ئامانج و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە. جیا لەوەی کە نیزام هیچ بەهایەک بە کەرامەتی تاکەکانی کۆمەڵ نادات و بە کەمتەرخەمی یاری بە چارەنووسی ژیانیان دەکات، وەک بوونەوەرێکی بچووک و بێڕێز لەبۆ خزمەتی دەسەڵاتی سیاسی کەڵکیان لێوەردەگرێ.

مافەکانی مرۆڤ لە ئێران بەگشتی و چارەنووسی کەمینە ئایینی و ئەتنیکییەکان بەتایبەتی، وەک دۆخێکی مەترسیداری قەیراناوی لەژێر هەڕەشەی جیددیدان و بوونەتە هەوێنی گاڵتەجاڕیی بەرپرسانی دەسەڵاتدار. بۆ وێنە، دەسنیشانکردنی عەلی یونسی بە هاریکاری سەرکۆمار بۆ کاروباری ئەتنیکی و ئایینی لە ئێران، لە خۆیدا بە مافەکانی ئەتنیکی و ئایینی کەمینەکان سووکایەتی دەکا. بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر، یونسی ساڵی ١٣٦٢ یەکێک لە قازییە بەدناوەکانی نیزامی قەتڵ و سێدارە بووە و تەنیا لە یەکێک لە بڕیارەکانی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە جودابیرانی ناردۆتە ژێر پەتی سێدارە هەتا جێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا پتەو بکا. زیاتر لەوەش، ناوبراو جێ بڕوای خامنەییە و بە دەستووری ئەو جێگەی وەزیری ئیتلاعاتی سەردەمی خاتەمی گرتەوە. مەبەست ئەوەیە کەسێک بەم پێشینە ناحەزەوە چۆن دەتوانێ بەرگری لە مافەکانی گەلانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران یان ئایینەکانی جیا لە شێعەی دوازدە ئیمامی بکات؟ هەروەها دەسنیشانکردنی مۆرەگەلێکی دیکۆڕی وەک لاریجانی و باقری بەناوی نوێنەری مافی مرۆڤ لە دەزگای دادی ئێران، دەتوانێ چ هێمایەک بێجگە لە بێ‌حورمەتی بە گەلانی بەشخوراوی ئێران پیشان بدات؟ کاتێک دەزگای داد مەکۆی کوشتار و قەڵاچۆیە ئاخۆم دەبێ نوێنەرەکەی چ قەشمەرێک بێت؟ بێگومان لە ئێرانی ئەمڕۆدا مەسەلەیەکی گرینگی دیکە بە ناوی مافەکانی مرۆڤ قەیرانی خوڵقاندووە و دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ.

لە کولتووری تەمەنی نابەخێری چەندین ساڵەی ڕێژیمی مەلاکاندا، تێکڕای بەرپرس و مۆرەکان لە مەیدانی کێبەرکێی خزمەت بە ڕێبەریدا خۆدەبیننەوە. کێ جینایەتکارترە، ئازیزترە و خەڵاتی خۆی وەردەگرێ. ئێستا کە دەبینین دۆسیەی ئاخوند ڕەئیسی لە جینایەت و دڵڕەقیدا سەرلێوە و هەزاران کەسی بێتاوانی بە دەستووری ڕاستەوخۆی شەخسی خۆی کوشتووە، کیفایەت دەکا کە خامنەیی وەک متمانەی پێبکا؛ بۆیە دەستوور دەدرێ کە دیپلۆمێکی دۆکتۆرای ساختەی پێشکەش بکرێ و پاشان بۆ ئەوەی بە ساناهی بە پلەکانی پۆستی سەرکۆماریی ویلایەتی فەقیهدا بخزێتە سەر، هەرچی قازانجی گشتییە لە بەرپێیدا دەبێتە قوربانی. خامنەیی لە هاوکێشەیەکی زۆر سادەدا چارەنووس و بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگەی ئێرانی فیدای برایم ڕەئیسی کرد تا وەک مۆرەیەکی بەئەمەگ ئەرکە پێ‌ئەسپێردراوەکانی پێ جێبەجێ بکات. کۆی ئەوانەش یانی سەرکۆماری داهاتووی ئێران تەنیا لەهەمبەر خامنەییدا وەڵامدەرە و هیچ بایەخێک بە داخوازییەکانی خەڵک و تەنانەت دەنگدەرانیشی نادات.

ئێستا ئاخوند ڕەئیسی بە فەرمی سەرکۆماری نیزامی ویلایەتی فەقیهە و ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە «ئاخۆم دوورەدیمەنەکانی دەورەی دەسەڵاتداری ئەو چی دەبن و بۆ ئیدارەی ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی ناوخۆی وڵات و داڕشتنی سیاسەتی نێونەتەیی چ پلان و گەڵاڵەیەکی بە دەستەوە بێت؟»

بۆ وێنە، ئەگەر بزانین جیاوازییەکانی نێوان هەڵبژاردنی بەڕێز جەو بایدن و ئاخوند ڕەئیسی چین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە سەرکۆماری دەزگای کۆنەپەرەستی هیچ مژدەیەکی بۆ خەڵک پێ نییە. با هەر دووکیان بە دەنگی ڕاستەوخۆی دەنگدەران لە سندووق دەرچووبێتن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا شیاوی بەراورد نین. بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە، ئەگەر لەوەش چاوپۆشی بکەین کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلۆرالیزمی سیاسی لە کەشوهەوایەکی ئازاددا زاڵە و هەڵبژاردنەکان ڕەوایی خۆیان هەیە یا هیچ جۆرە ترس و تەماحێک ڕووبەڕووی دەنگدەران نابێتەوە، دیسان کۆمەڵە فاکتەرێکی گرینگ هەیە کە جۆری هەڵبژاردنەکە لێک جیا دەکاتەوە. لە هەمووان گرینگتر، بایدن لە ڕێگەی نواندنی پلان و بەرنامەکان بۆ داهاتووی وڵات و ناساندنی تیمی کابینەکەی توانی متمانە لەلای زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە دروست بکات و لە ئاکامی شێوەی ڕوانین بۆ دواڕۆژ دەنگی پێویستی هێنایەوە بەڵام داستانی ئاخوند ڕەئیسی لە هەمووی ئەم پرسانە بەری بوو. ئەو بە شێوەی پێشوەختە لەلایەن خامنەییەوە پۆستەکەی دەستنیشان کرا. هەروەها ناوبراو بەپێی کارنامەی ڕابردووی خۆی هاتە سەرکار کە ئەویش تەنیا لە کوشتار و جینایەت و وەفا بۆ خامنەیی پێناسە دەکرێت. سەبارەت بە داهاتووش ئەو پەندە بە نموونە دێنینەوە کە دەڵێ «چی لە جانتادا هەبێ هەر ئەوەش دەبەخشێتەوە». دیارە جانتای ئەزموونەکانی سێزدەهەمین سەرکۆماری ویلایەتی فەقیە چی تێدایە و هەر ئەوەش بە خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران دەبەخشێتەوە.

کاتێک کە ڕێبەری ویلایەتی فەقیهـ بڕیاری بۆ بە سەرکۆمارکردنی ڕەئیسی دەرکرد، تێکڕای دامودەزگا و ئۆرگانەکانی نیزام ڕاسپێردران کە ئەرکی سیناریۆی شانۆی هەڵبژاردن بە گونجاوترین شێوە بە ئەنجام بگەیەنن. وەختێک کە دەبینین پلەی لێوەشاوەیی زانایی ڕەئیسی لەپڕ دەکرێتە دوکتۆرای ساختە، ناوەندەکانی بەسیج لە شاروگوندەکانی ئێران دەکەونە خۆ و فێستیواڵی پووشاڵی بەناو پشتیوانی لە ڕەئیسی وەڕێدەخەن، میدیای سەرانسەری ڕێژیم لەژێر ناوی درۆیینی میدیای میللی، بە دوور لە یاساکانی خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، ٣ کاندیدای سەرکۆماری بەپێی بەرنامەی پێشتر خۆ دەکێشنەوە و دەیان پیلانی دیکە، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە نیزامی ئاخوندی ئێران ئامانجی لە پرۆسەی هەڵبژاردن تەنیا خۆنۆژەنکردنەوەیە و هیچی‌تر. ئەگەر چاو لە مۆرە جۆربەجۆرەکانی نیزام لە ئاستی بەرزدا بکەین، کاندیداکانی سەرکۆماری ئەم خولە لە پلەی هەرە خوارەوەدا دەبینرێن. بۆ وەبیرهێنانەوە، پاش مەرگی خومەینی دیکتاتۆر کە لەودا ئاخوند خامنەیی فێڵاوی جێگەی دەگرێتەوە، دەڵێ: «قوڕ بە سەر ئەو کۆمەڵگەی کە من ڕێبەری بم». بە هەمان شێوە، ئەمڕۆ کە سەرکۆماریی دەدرێتە دەست کەسێکی دەمارگرژی نەخوێندەواری جینایەتکار، پرسیار ئەوەیە کە «دەبێ چ زەلکاوێک بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە گیرابێتەوە؟»

هەروەک دەزانین لەم چەند ساڵەی دواییدا چالاکانی کۆمەڵگەی ئێران لە ژێرناوی جۆربەجۆردا و چەند جاریش لە ڕێگەی خۆپیشاندانی سەرانسەری بە هێزەوە مەشرووعیەتیان لە نیزامی ویلایەتی فەقیهـ ئەستاندەوە و ئەو ڕاستییەیان بە کردەوە سەلماند کە چیتر ناخوازن سێبەری حکومەتی جەهل و سێدارە بە سەر خۆیانەوە ببینن. ئاستی خۆپێشاندانەکان لە تاران و مەشهەد و شارەکانی کوردستان گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی، بە تایبەتی مەریوان و سنە و کرماشان شانازییان بۆ گەلەکەیان خوڵقاند. ئەوەتا دوای کۆتاییهاتنی دەسیسەی جادوویی هەڵبژاردنەکان دیسان دەردەکەوێت کە کوردستان وەک مەتەرێزی بەرخۆدان و سەنگەری ئازادی شانبەشانی تاران لەڕیزی هەرە لە پێشی دەنگی «بایکۆت»دایە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە کوردستان بریندارە و زەختی فرەجۆرەی لە سەرە. ئەمجارە ئۆرگانەکانی نیزام و ناوەندەکانی سەرکوت لە کوردستان هەوڵێکی بەرفراوانیان دا هەتا ڕەوتگەلێکی نەناسراو، ساختە یان گوێ لەمست بهێننە مەیدانی شانۆگەری و بە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کوردیان بناسێنن. بەرەی جۆراوجۆر لە ئەهلی سوننە، فراکسیۆنی سەیروسەمەرەی نێو ناوەندەکانی نیزام، دەروێش و شێخی ناوزڕاو، نوێنەرانی خامنەیی لە کوردستان، کەسانێکی بێزراوی بە ناوی مامۆستای ئایینی و هتد، چەند نموونەی ئەو هەوڵە دزێوانەن.

بەپێچەوانەی سەرەوە، تاقم و کەسانێکی دیکەش بە بیانووی ئەوەیکە خەمخۆری کورد و کوردستانن، لە ئازادی تەواودا هاتنی ڕەئیسییان وەک هەڕەشەیەکی جیددی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان پێناسە کرد. ئەوان بڵیندگۆی بانگەشەیان بەدەستەوە گرت و بە خەیاڵی ئەوەیکە ڕەنگە بتوانن جەمسەرێک لە کوردستان بۆ ئاخوند ڕەئیسی ساخ بکەنەوە، خۆیان خستە پاڵ کاندیدایەک بە ناوی هیمەتی. هەروەک دەرکەوت، ناوبراو لە ناوەند هیچ پێگەیەکی نەبوو هەتا بڕێک لە خێروبێرەکەی بەرەو کوردستان داچۆڕێ. بەوحاڵەش جارێکی دیکە، ڕووی ڕاستەقینەی ئەوانە بۆ خەڵک دەرکەوتەوە و سەلماندیان کە لە پێستی مەڕدا هەر گورگێکن و بەس.

وەک دیتمان سیناریۆی ئەم جارەی خولی سێزدەیەمی سەرکۆماریی لە ئێران بە پیلان و دەسیسەگەلی پێچاوپێچ و لە قەوارەیەکی هەرەمەزنی تەبلیغاتیدا کۆتایی پێهات. وەک شیمانە دەکرا مۆرەی دەستەمۆ و خوازراوی خامنەیی خەڵاتی خۆی بەناوی پۆستی سەرکۆماری وەرگرت بەڵام کێ پێی وایە کە باری لارولەوێری ئەم فیلە بگاتە شوێنی مەبەست و ئەویندارانی دەسەڵاتی ئاخوندەکان وەک هەمیشە بە کامەرانی بتوانن لە سەری بحەسێنەوە و بحەوێنەوە؟ لەکۆتاییدا جێی ئاماژەیە کە گەلی کورد دەبێ بە خۆی بنازێ وا نە ئەو هەموو داووتەڵە و جادووە، نە سێدارە و کوشتار و زیندان، نە بۆمب و باڕووت، نە خەفەقانی سیاسی و ئابووری لەگەڵ دەیان پرۆژەی دژەمرۆییانەی دیکەی ئاخوندە دنیاپەرەستەکان ناکامن لەوەی دەستەمۆی بکەن و ئیرادەی بشکێنن. نەتەوەکەمان جارێکی دیکە بەم هەڵوێستەی خۆی سەربەرزە و لە هەمان کاتدا بە چاوی حورمەتەوە لەو کەسانە دەڕوانێ کە گیان و ماڵ و ڕۆحی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی گەل و نیشتمانەکەیان واتە کوردوکوردستان کردووە. پرۆژەی ئەمجارەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان ئەگەرچی بەمەبەستی نۆژەنکردنەوە و بناخە داڕزیوەکانی نیزامی ستەم و جینایەتکاریی داڕێژرابوو، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە گەلی ئێمە لەو نێوەدا حەماسەیەکی نوێی خوڵقاند و بۆ جارێکی دیکە لە سەنگەری یەکڕیزی و برایەتییەوە لمبۆزی داگیرکەران و دەستوپێی بەکرێگیراوەکانی لە خۆڵی مێژوودا گەوزاند.

# ناسر موڕادی:

# گومان لەوەدا نییە کە دەنگی بایکۆت سەرکەوت و ئەم سەرکەوتنەش بۆ ڕێژیم وەک شکستێک هەژمار دەکرێت



**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

خولی سێزدەهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٨ی جۆزەردان لەحاڵێکدا بەڕێوە چوو کە سەرەڕای ئەوەی ڕێژیمی ئێران هەوڵێکی زۆری دا کە کەشێکی گەرم لەو هەڵبژاردنانە پیشان بدات، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە یەکێک لە ساردترین هەڵبژاردنەکان لە تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بوو کە لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە هیچ پێشوازییەکی لێ نەکرا و دەنگی «نا»یان بەو ڕێژیمە وت. لەم وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز «ناسر موڕادی» سەرنووسەری گۆڤاری تیشک، بابەتی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران لە تەوەریی جیاوازدا خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**-هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ڕێژیمی ئێران بە سەرنجدان بە ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

لە ڕوانگەیەکی گشتییدا ئەگەر بمانهەوێ هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بەناو هەڵبژاردنە بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بەستێن وهەلومەرج و لە سەر یەک ئەو دۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە درێژکراوەی دۆخی پێش خۆیەتی، ئەویش لە خۆیدا دەرەنجامی بەلارێدابردنی ڕێڕەوی شۆڕشی گەلانی ئێران و بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بوو. دۆخی ئێستا و ڕابردوو ئەوەندەی پەیوەندی بە جوغرافیای ئێران و هەرێمە نەتەوەییەکان و کۆمەڵگاکانی ئێران(پێکهاتەی فرەنەتەوەیی)ەوە هەیە، دۆخی هەمیشەیی سەرکوت یان باشترە بڵێین دۆخی سەرکوتی هەمیشەیی بووە. ئەم فاکتەرە کاتێک تێکەڵ بە بواری هەڵاواردنی گشتیی و حەوزەیەکی گشتیتر دەکرێت دەبێتە ستەمی چەندقات، بەتایبەتی لە پەیوەندیی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان. دەمێنێتەوە ڕەهەندەکانی تری ئیداری، ئابووری،ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، پرسی ژنان، کرێکاران،ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی مەدەنی، مامۆستایان، توێژ و چینی هەژار و بێکار، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و هتد. واوەتر ئەگەر لێی بڕوانین، بەکردەوە ئەوەی لە کۆماری ئیسلامی و لە پێکهاتەی دەسەڵات دەبیندرێ و تادێ بەرجەستە دەبێتەوە، گەندەڵی و ناکارامەیی و وەڵامدەرنەبوونیەتی، بە جۆرێک کە دەکرێ باس لە بنبەست بکرێت. جیا لەمانەش، سیاسەتی ناوچەیی و دەرەوەی ڕێژیمیش هەروەک لە زانستی سیاسیدا هاتووە، درێژکراوەی سیاسەتی نێوخۆیی ڕێژیمەکەیە و دنیای دەرەوە، بەتایبەت وڵاتانی ناوچە سەریان پێوە دێشێ، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ دەستێوەردان و سیاسەتی ناوچەیی، بەرنامەی ئەتۆمی و هەڕەشە و تاقیکاریی چەکی موشەکی کە ڕێژیم وەک توانای بەرگری ناوی لێ دەبات، هەرواتر بابەتی شەڕی پرۆکسی و پڕچەککردن و پشتیوانی کردنی گرووپە میلیشایی و ڕێکخستنە بناژۆخوازەکان. با بگەڕێینەوە سەر هەڵبژاردن لە کۆی گشتیی دۆخی ئاماژەپێکراودا؛ چاوەڕوانکراو بوو کە بە بوونی وەها دۆخێک، ڕێژە و ڕادەی بەشداری لە بەناو هەڵبژاردن لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بگاتە کەمترین ئاستی خۆی، واتە بە لەبەرچاوگرتنی ئاماری هەمیشە ناڕاستی دەزگا پەیوەندیدارەکانی ڕێژیم، لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا، یەکەم جارە کە ڕێژەی بەشداری کەسانی خاوەن مافی دەنگدان، کەمتر لە نیوە دەبێت. ئەم ئامارە جگە لە ڕێژەی دەنگە بەتاڵەکانە کە نزیک بە چوار میلیۆن دەنگ بەراورد دەکرێت و لە چاو ڕابردوو پێنج بەرابەر بووەتەوە. بە کورتی دەکرێ بە سەرکەوتنی دەنگی بایکۆت بەڵام لە چەشنی بایکۆتێکی چالاک،ماندار و وەخۆگر هەژماری بکەین. وەخۆگر بەو مانایە کە بەشێک لە دەسەڵاتداران و وەفادارانی ڕابردووی ڕێژیمی لەگەڵ کەوت. سەرکەوتنی دەنگی بایکۆت مانایەکی دیکەشی هەیە، ئەویش بەرینتربوونەی بەرەی دژەڕێژیمە لە ناوخۆ و دەرەوە،دیارە سەرباری پرشوبڵاوی و جیاوازییەکانیان، بەو مانایە کە هەر لایەنێک هۆکار یان کۆمەڵە هۆکارێکی بۆ دژایەتی دۆخەکە لەبەردەمە، بەڵام بە کەمپەینی جیاجیا لە پرۆسەی بایکۆتەکە بەشدار بوون.

**- ئایا بەشداری نەکردنی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا هەتا ئەو ئاستە چاوەڕوان دەکرا؟**

لە کۆتایی وەڵامی پرسیاری پێشوو، گوتمان کە سەرکەوتنی بەرەی دژبەر و دابەزینی ماناداری ڕێژەی بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردن بە سەرنجدان بە دۆخی درێژکراوە و بەردەوامی سەرکوت و بێبەشی چاوەڕوانکراو بوو. لەو بارەشەوە بەکورتی ئاماژەمان بە فاکتەرەکانی کاریگەر لە سەر کەمتربوونەوەی ڕێژەی بەشداری دەنگدەران کرد. ئەگەر بمانهەوێ دەستەبەندی هۆکارەکان بکەین، دەکرێ سێ ئاستی بۆ دیاری بکەین: یەکەم، ئاستی دەسەڵات و ململانێکانی نێو پێکهاتەکەی، دووهەم، کۆمەڵێک قەیرانی تێکچڕژاو کە هەموو جوغرافیای ئێرانی تەنیوەتەوە و



حکومەت نەتەنیا ویست و ئیرادە بەڵکوو توانای چارەسەکردنیانی نییە. سێهەم و لە هەمووان گرینگتر، هێزی بەرەنگاربوونەوە و ئیرادەی نەتەوە بندەستەکانە بۆ «نا»گوتن کە پێکەوە زۆرینەی دانیشتووانی سەر جوغرافیای ئێران پێکدێنن. ئەم زۆرینەش، هیچ مانایەک بۆ کەمینەبوونی چەند نەتەوەیەک و زۆرینەبوونی ئیتنیکێکی باڵادەست ناهێڵێتەوە. دەنگهەڵبڕینی «ئەحمەدی نژاد»کان وەک بەشێک لە ڕابردوو و ئێستای دەسەڵات، کە لە زمان خۆیانەوە مل لە مل نانی ناوخۆیی و ماهییەت و بناوانی گەندەڵ و مافیائاسای دەسەڵات لەقاو دەدەن، لەلایەک ئاماژەن بۆ لێکترازانی ڕیزی وەفاداران و هاوبەشەکانی ڕێژیم و دەسەڵات، لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی ڕوونترە بۆ یەکدەستکردنی پەکەیجی دەسەڵات لەسەر تەوەری ویلایەتی فەقیە و بەئەمنیکردن و بەسوپاییکردنی پتری بازنەی جومگەکانی دەسەڵات کە بە حەزفی بەشێک لە دەسەڵات کاری بۆ کرا. دەکرێ ڕەتکردنەوەی سەلاحییەتی بەشێک لە کاندیداکان لەم گۆشەنیگاوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، وەک بڵێی چیدی شیاوی ئەوە نین هاوبەش و خزمەتکاری دەسەڵات بن. قەیرانە گشتگیر و چارەسەرنەکراوەکان، کە ئەم چەند ساڵەی دوایی شەپۆلی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا و دواتریش پەتای کۆرۆنای هاتە سەر، لەلایەک بێهیوایی هەرچی زیاتری خەڵکی بەدواوە بووە، لەلایەکی دیکەشەوە ناکارامەیی و نابەرپرسیارێتی حکوومەتی وەبیر ڕای گشتیی هێنایەوە. ئەم دۆخە لە قەیران ئەگەرچی تەنگی بە ژیانی ئاسایی خەڵک هەڵچنیوە، هاوکات دۆخی سەرکوتی لەگەڵ بەردەوام بووە، نموونەی هەرەنزیک، سەرکوتی خوێناوی خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بووە کە دیارە بەرپرسانی ڕێژیم شوبهاندیان بە بوومەلەرزەی سیاسی کە خودا ئامانی دان، واتە «به خیر گذشت». با ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە ڕەهەندێکی هەرەگرینگ کە دەستمایەی سەرهەڵدان و ناڕەزایی جەماوەرییە، دۆخی نالەباری ئابووری و شوێندانەربوونی لە سەر ستانداردی ژیانێکی ئاساییە، ئەمەش بەتایبەتی لە سەردەمی گەمارۆکان و دواتر هەڵدانی پەتای کۆرۆنا زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانەکان بووە کە لێرەدا دەرفەت نییە بە وردی باسی لێوە بکەین، بەڵام بێگومان لەسەر دەنگی بایکۆت کاریگەری بەرچاوی هەبوو.

**- بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان لە شارەکانی کوردستان جیاوازییەکی لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئێران هەبووە؟ ئەگەر جیاوازی هەبووە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

بێگومان جیاواز خۆی دەنوێنێ، بەڵام با بزانین بۆ؟ بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵات لە بابەتی بایکۆت و «نا»گوتن بە کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی پێشەنگایەتی هەبووە؛ واتە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی و بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە، لای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەبووەتە پرۆژە و هەلێکی سیاسی کە بیهەوێ لەو دەلاقەوە بڕوانێتە داهاتووی مافەکانی خۆی و بۆ نموونە ویستبێتی پرسی سەروەریی خۆی لێ گرێ بدات. ئەزموونکردنی کۆماری ئیسلامی بە هەر ناونیشان و باڵ و لاباڵێکەوە ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ئەم ڕێژیمە بە هەر تیۆری و بۆچوونێکەوە جومگەبەندی بکرێت، بێجگە لە ستەمی نەتەوەیی و بەردەوامبوونی دۆخی سەرکوت، بۆ کورد و هەرێمە نەتەوەییە بندەستەکانی دیکە هیچی تیا بەدی ناکرێت. بەخۆشییەوە ئەم ناسیارییە بەتایبەتی لای کورد لە ڕۆژهەڵات لەمێژە دروست بووە. لە ئامارە فەرمییەکانەوە بگرە کە بە قەول جێی باوەڕ نین تا دەگاتە زانیاری و ئامارە مەیدانییەکان کە لە دیوی ڕۆژهەڵاتەوە لە بەردەستدان،نیشانی دەدەن کە سیاسەتی بایکۆت لە کوردستان ماناداتر و بەربڵاوتربووە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی و لەسەر هەستبوونی کورد هەمبەر بە چارەنووس و خەبات و قوربانیدانی لەمێژینەی خۆی. پێم خۆشە ئاماژە بە کاریگەری پلاتفۆرمی هاوبەشی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بکەم کە دیارە دەسپێکێکی باش و لە هەمانکاتدا ئەزموونێکی دیکەی بەنرخە کە دەکرێ چەندپات و دەوڵەمەندتر بکرێت. باوەڕی گشتیی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات سەرباری جیاوازی لە بیروبۆچوونەکانیان، بە هۆی هاوچارەنووسی، ناچارن کە هاوخەبات بن. ئەشێ پەرە بەم بۆچوونە بدرێت. ئێستا کورد وەک یەکەیەکی نەتەوەیی لە جوغرافیای ئێران، ڕاستەڕێگای خەباتی خۆی لە بەردەمە. خاڵی جەوهەری لە بەردەوامبوون و سەرخستنی، ئەوەیە کە چارەنووسی خەباتەکە گرێ بدرێت بە هێزی لەبنەهاتووی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات، ئەوەش بە ڕێگای کۆدەنگی و هاوخەباتی و یەکڕیزی دەلوێ. خۆ ئەگەر بکرێ ئەم ئەزموونە لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانیش تاقی بکرێتەوە، بێگومان کاریگەری بە سەر داهاتووی ئێران و پرسی نەتەوەیی لەم جوغرافیایە دەبێت.

**. بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن خەڵکەوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ئێران پێک بێت؟**

گۆڕانکاری بەردەوام لەئارادایە، جاری واشە چاوەڕواننەکراوە. بەڵام لەپەیوەندی لەگەڵ ئەم پرسیارە دەتوانم بڵێم ئەم بایکۆتە سنوور و مەودای نێوان دەسەڵات و خەڵکی توختر کردەوە، واتە کەلێنەکە تادێ گەورەتر دەبێتەوە. ئەگەر ئەم بایکۆتە لە فۆرم و شێوەی دیکەدا بەرهەم بێتەوە واتە چالاک بمێنێتەوە، بێگومان کاریگەری و گۆڕانکاری دیکەشی بەدوادا دێ. بە سەرنجدان بە کەلێنی گەورەی نێوان دەسەڵاتی خۆسەپێن و ئیرادەی گشتیی خەڵک، دەکرێ چاوەڕوان بین ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو بەرە زیاتر ببێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەینە شەپۆلەکانی ناڕەزایی لە ساڵانی ڕابردوودا. ئەگەر ئێران بە کۆمەڵگا بشوبهێنین، ئێستا جمەی دێ و لە نوقتەگۆڕانی دیکەدا وەک چۆن باسمان کرد دەکرێ چاوەڕوانی کردەوە و دژکردەوەی دیکەشی لێ بکرێت. پێموایە بە یەکدەستکردنی بازنەی دەسەڵات و جومگەکانی کە بەکردەوە «مەیدانی» دەکرێنەوە، ئێستا ئیدی هیچ کام لە گوتارەکانی ڕیفۆرمخوازیی و میانەڕەوی کاراییان نەماوە. پاشماوەکانی ئەم گوتارانە چیدی ڕێگەیان پێنادرێ بێنە «مەیدان»ەوە و هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ سەقامگیرکردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵات لە هەلومەرجی نوێ، چاوەڕوان دەکرێت دۆخی سەرکوتیش جێگیرتر بکرێت.

**-بایکۆتی هەڵبژاردنەکان هەتا چەندە بۆ ڕێژیمی ئێران گرینگی هەبوو و چ پەیامێک بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران دەدات؟**

هەڵبژاردن ئەگەرچی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، هیچ کات ستاندارد و میکانیزمێکی دێموکراتیک نەبووە، بەڵام بەو ڕادەیە کە دەنگی خەڵک بابەتێکی لاوەکی و ڕواڵەتییە، بە هەمان ڕادەش پێویستییەکی سیاسی و تەبلیغی بووە لای ڕێژیم، لانیکەم لە بەر دیدوڕای گشتیی کۆمەڵگای جیهانی. هەڵبژاردن لەم ڕێژیمە لەمێژە ناوی نراوە شانۆ، بەڵام شانۆیەک کە مودیرییەت دەکرێت. گومان لەوەدا نییە کە دەنگی بایکۆت سەرکەوت و ئەم سەرکەوتنەش بۆ ڕێژیم وەک شکستێک هەژمار دەکرێت. دەنگی بایکۆت، پەیامی بەرەنگاربوونەوەی بە ڕێژیم گەیاند تەنانەت بە پێوەری هەڵبژاردنێک کە بۆ خۆی چەندوچۆنەکەی دیاری کردووە.

**--بایکۆتی هەڵبژاردەکان لە دنیای دەرەوە کاریگەریی لەسەر ڕێژیمی ئێران دادەنێت؟**

پێشتر لە چەند شوێنێک باسم کردووە کە جیهانی دەرەوە و ئەوەی پێی دەگوترێ جیهانی ئازاد، بە یەک چاو سەیری کۆماری ئیسلامی ناکەن. لای ئەوان دوو کۆماری ئیسلامی بوونی هەیە، ڕێژیمێک لە دەرەوەی سنوورەکان، ڕێژیمێکیش لە نێوخۆی ئێران. لەڕاستیدا ئەوان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی دەرەوەی سنوورەکان کێشەیان هەیە، بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسائیلی تەناهی و سیاسەتی ناوچەیی و ئەم چەند ساڵەی دواییش مەسەلەی مووشەکی و پێشتریش بەرنامە ئەتۆمییەکەی. دەمهەوێ بڵێم پرسی ئازادی و پرەنسیپەکانی دێموکراسی و بەهاکانی مافی مرۆڤ، هیچ کات بۆ جیهانی ئازاد ئەولەوییەتی نەبووە و دەکەوێتە کۆتایی ڕیزبەندی ئەولەوییەتەکانیان. هەر چۆنێک بێت ئەمە واقعی جیهانی بێبەزەیی بەرژەوەندییەکان و هاوکێشە سیاسی و بازرگانییەکانە، مەگەر ئەو کاتەی کە دڵنیا ببنەوە چیدی ناتوانن لەگەڵی بەردەوام بن. سەرنجی پەیامی سەرۆکی وڵاتانی جۆربەجۆر بدەن کە دەستبەجێ دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی ڕەئیسی، پیرۆزباییان لێ کرد. تەعاروف و پڕوپاگاندای سیاسی لێ بەدەر بێت، بەزۆری ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەڵوێست و ڕوانینی وڵاتانی دەرەوە بەنسیبەت ڕێژیمەوە نابێت، مەگەر ئەوەیکە دەنگی بایکۆت تەرجەمە بکرێتەوە بۆ ئەکت و چالاکیی و دژکردەوەی دیکە لەدژی ڕێژیم، بەتایبەت لەسەر شەقامەکان، چالاکییەک کە هەست بە قورسایی و شوێندارییەکەی بکرێت.

**-لە قۆناغی دوای بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، چ بژاردەیەک لە بەردەم خەڵکدایە کە بەرەنگاریی ئەو ڕێژیمە ببنەوە؟**

بە باوەڕی من، سەرکەوتن یان سەرخستنی دەنگی بایکۆت، پێویستی بە خاوەندارێتی و بەردەوام بوونیەتی، ئەمەش مانای وایە کە ئەم جۆرە ڕەفتارە سیاسییە، بەرپرسیارێتی بەدوای خۆیدا دێنێ. ئەوەندەی پەیوەندی بە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و حیزبەکان بەتایبەت لە ناوەندی هاوکاری هەیە، دەبێ هەوڵەکانیان بۆ خۆئامادەکردن و هەلومەرجی دیکە چڕبکەنەوە و لەگەڵ ڕای گشتیی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات پەیوەندییەکی زیندوو گرێ بدەن. لە هەموو گرینگتر پەرە بە «بەرگری مەدەنی»ی ڕۆژهەڵات بدەن. بووە تا بووە فاکتەری هێز لەگەڵ ئەوەی یەکلاکەرەوەیە، بازنەی بەرژەوەندییەکانیش بەگوێرەی کەم و زیادبوونی هێز یەکلا دەبێتەوە. پێموایە سەرباری جیاوازییەکان، گوتارێکی نەتەوەیی و دێموکراتیکی مانابەخش دەتوانێ ببێتە خاڵی کۆکەرەوە و دواجار پلانی هاوبەش بۆ دەربازبوون لەم قۆناغە و تێپەڕین بەرەو قۆناغی گۆڕانکاری کە چاوەڕوان دەکرێت.

# دوو شێعر، دوو شاعێر



له دارێکی قاچ سووتاوی قژدووکەڵاوی دەپرسم
تۆ ئەزانی کێ یەکەمجار
ڕێگای بۆ خێڵی ئاگر کردەوە
تا بخزێتەماڵی سەوز و
بەسەر فەرشی دارستاندا پەل ڕاکێشێت؟
دەڵێ یەکەم جار شەمچە بوو!
ـ ئەی باشە کێ شەمچەی وا ڕاهێنا و
کردی بە شای مەرگپۆشی ژینگە و شینگەی ئەم شاخانە؟
دەڵێ ئەوەش دارەبیژووی ناوخۆمان بوو
دەستی لە خاکی خۆی بەردا و
کڵاوێک سوور چووەسەری و
سەری سپاردە بێگانە!
ـ ئەی چۆن دەبن بە تەختی ماڵی پاشاکان
یان بە کورسی ژێر سێدارە؟
دەڵێ ئەوەش هەر خۆکرد و پوازی سەربەگێچەڵ بوو
چەند جار دەنگمان بە چەند داری فیشاڵکەر دا و نەمانزانی
هەموو دەستیان لەگەڵ پەنجەی تەور و مشاردا تێکەڵ بوو!
ـ ئەی چۆن دوای ئەو خەسارانە
دیسانەوە، هەر دەکەونە ناو ئاگر و
چاڵی بەرپێی کردەی خۆتان؟
مەگەر ئێوە، چاوی هۆش و دەرکی بیرتان داخراوە؟
دەڵێ ئاخر دارستانیش دەمێ ساڵە
"ئالزایمێر"ی پیاپێچراوە... !

بیژوو: پێچ و حەرامزادە
فیشاڵکەر: درۆزن، خۆهەڵکێش

گۆرانیی خاوێنکار:
ـ گسکی هاوڕێم!
تۆش وەکوو من پەرێشانی تەپوتۆزی درۆی ساڵی
هەموو دەورێک، یادمان دەنگی هەڵبژاردن
ناومان پەیژە و دروشمی سەرکەوتن!
کەچی لە نێو جارەدرۆی گرۆی سەران
بەشمان هەر خەرمانی خەوشوخاڵە و گفتی خاڵی!
ـ ڕایانماڵە، ڕایانماڵە گسکی هاوڕێم،
ئەم دەنگانە، هیچیان دەنگی ژیانی من نین
ئەم وێنانە، کاتالۆگی مۆدەکانی ئارایشن
هیچیان ڕەنگی خەون و حەز و ژانی من نین
ڕایانماڵە، گسکی هاوڕێم
دەیان ساڵە چیای ناخم، گڕکانی قین و گریانە
لەو کەسانەی سواری گەمژەیی گەل دەبن
گریانم بۆ چۆپی کێشی بەر شایەری گۆڕستانە!
ڕایانماڵە، گسکی هاوڕێم، ڕایانماڵە
ئەوەی هەستی سەرفەرازیی گەلی نەبێ و
گەلێک بڕوای بڕیاردانی ژیانی نەبێت
هەر شایانی گسکدان و زبڵدانە...!

ڕەحیم لوقمانی



بیانپارێزە نیشتمان !
لە سینگی نەرمی بەردتدا
حەشاریان بدە !
دەنگی پێیان
لە خوڕەی ئاوتدا
بشارەوە !
مەهێڵە با، بۆنی خوێنیان
بە بنار و پێدەشتدا بگێڕێ !
فیشەکی مەخزەنیان
لە بڵێسەی ئاگرت هەڵکێشە !

خوێنت، باڵای تفەنگەکان بەرزتر دەکات .

بە تەمومژی مەترسیدا دەگوزەری،
چرایەک لە نێوان تۆ و نەبووندا نییە،
ڕێچکەی خوێنێکی گەنج نەبێ .
بۆچی دەبێ خوێنت
تفەنگەکان باڵا بەرزتر بکات؟
پردەکان وەک جاران
پرد نین،
کەمینن !
مردنت
چ جوانییەک دەدات بە چاوی نێرگز،
چ دلێرییەک بە هاواری نێو شەقامان ؟!
خۆت ئەو پردەی پێیدا دەڕۆی،
بە ئیمانی دڵە هەنارییەکەتەوە !
لە سنووری بوێریدا، بۆ یادگارەکانت دەگەڕێم،
تۆش، بە ئاکاری هەمیشەت،
شقارتە بە شەوی شارەوە دەنێی،
لە کۆڵانە نیوە تاریکەکاندا، ڕۆژنامەی خۆر
بڵاو دەکەیتەوە .
لە تامی شیرینی تووە سوورەیەکدا
پێدەکەنی و
ڕەنگێکی تازە دەدەی لە بەربەیان،
ڕەنگێکی لەمێژە نەبینراو ....

فەرەیدوون ئەرشەدی
(وەرگیراو لە ئینتێرنێت)

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No :801 21 June 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# کوردستان، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بۆ بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان

